خوێندنەوەی فەلسەفەی زانست لە هەڵهاتنەوەدا (ڕەخنەی باسکار) و قوتابخانەی ڕاستەقینەیی ڕەخنەیی.. سەران ئازاد

تەوەرەکانی ئەم باسە:
یەکەم: قوتابخانە جیاوازەکانی فەلسەفەی زانست بە گشتی
دووەم: قوتابخانەی ڕاستەقینەیی ڕەخنەیی (ڕەخنەی باسکار)
سێیەم: نموونەی پرس و جیاوازیی سیاسیی کۆشەی کورد لە باشوور و پارچەکانی تری کوردستان

کۆشەی فەلسەفەی زانست جارێکی تر بەرەکی فەلسەفە دەگرێتەوە. ئەو بەرەکگرتنەوەیە ئاماژەیە بە هەڵەی فەلسەفە لە ئاڕاستەکردنەوەی زانست کاتێک خەی لەناو قەیرانە بە چارەسەرکانی خەی دەبینێتەوە. زانستخوازان بە دەزینەوەی هەندێک لە ڕەچەڵە سروشتییەکان و بنەمای چەندبارەبوونەوەی دیاردە سروشتییەکان گوتاری مردنی فەلسەفە بەرز دەکەنەوە بەبێ ئاوەی ئاگاداری ئەوە بن، کە نازانستبوونی فەلسەفە بنەمای لەدایکبوونی زانستە. پرسی ئاوەی زانست چۆن دەبوو ئاگەر فەلسەفە لە بنەڕەتدا نازانستی نەبوایە ڕوونکردنەوە بە ڕەگ و ڕیشەی دەزینەوە زانستییەکان و ئەو بنەمایانەی بەیان گریاونەتەبەر دابین دەکەن. (مارتین هایدیگەر) لە گوتاری (نامەیەک لەسەر مرۆڤایەتی) سەرچاوەی ئەو جەرە تەماناە لە فەلسەفە دەخاتە ڕوو، کە ڕەگەکەی بە (ئەفلاتوون) و (ئەریستۆ) دەگەڕێتەوە بەوەی لەو کاتەوە ڕەچەڵەی بیرکردنەوە لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی ‘تەکنیکی’ سنووردار کراوە. زیاتر لەوە، وەک خەی دەنووسێت: ” لەو کاتەوە فەلسەفە بەردەوام لە پێگەیەکی سەخت بووە بە ڕەوایەتدان بە بوونی پێش بوونی زانست.”1 هەر لەو ڕوانگەیەوە، خودی بابەتی بیرکردنەوە وەک بنەما بە ‘تیەر’، بە دیدی (هایدیگەر)، لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی تەکنیکایەنە، وەک دەنووسێت: ”خەسڵەتی بیرکردنەوە وەکو (تیەر – theoria) و داکێکردن لە ناسینی وەکو هەسوکەوتی تیەری هەر خەی لە ڕاڤەی تەکنیکیانە بە بیرکردنەوە ڕوو دەدات. ئەو خەسڵەتە کاردانەوەیە بە ڕزگارکردنی بیرکردنەوە و پاراستنی سەربەستییەکەی دژ بە کردار و کردن.”2

بەڵام ئایا تیۆر چۆن دەتوانێت بوارێکی ناکرداری بێت، کاتێک خاوەن هەڵوێستی ڕوونکردنەوە و پێشخستنی چارەسەرێ بۆ ڕانبەر بە کردار و کردن؟ ئەمە دەبینین، کە ئاوەڵای لە چوارچێوەی ‘لۆجیک’دا دەستەلەنرێت، دووبارە لە بەردەم هەوڵەشای ڕەتکردنەوە دایە هەر بە خودی ‘لۆجیک’ خۆی. هەوڵدان بۆ بە گشتگیریکردنی دیاردە و ڕووداوەکان لەسەر بنەمای ‘لۆجیک’ وا ڕەچاوی ڕاستەقینەیان واقیع دەکات، کە خاوەن یاسای هەڵکردی چەسپاو بێت. بە ڕوونکردنەوەی زیاتر، پێویستە ئاماژە بە دوو قوتابخانەی فەلسەفەی زانست بدەین. یەکەمیان، سرووشتناسی (Naturalism)، یان پۆزەتیڤیزمە، کە (دەیڤد هیوم) بناغەی بنەڕەتییەکانی جێگیر دەکات. دووەمیان، بوونیادگەری (Constructivism)، کە یەکەم لە ڕەگەی تێپەڕاندنی سرووشتناسی بە ئایدیاڵیزمی باڵای (ئیمانوێل کانت) دەست پێ دەکات و دووەم بە هەوڵی بوونیادگەراکان بناغەی زانستییەکانی خۆی دادەمەزرێنێت. بە سرووشتناسەکان، ئامانج دۆزینەوەی یاسا هەڵکردەکان (casual laws)ە. ئاوێش وا پێشنیار دەکات، کە ڕاستەقینەی دەرەکی و یاسا هەڵکردەکانی بەیار لەسەر ڕووداو و دیاردەکان دەدەن، چ سرووشتی بن، چ کەمایەتی. لەو ڕوانگەیەوە، دۆزینەوەی ڕەچەڵ سرووشتییەکان و هەڵە چەندبارەبووەکان ئامانجی زانستە. (کانت) ئاو نەریتی بیرکردنەوە ڕەت دەکاتەوە و لە جێگەی بە چەقزانینی ڕاستەقینەی دەرەکی، هەش بە چەقی زانین و دۆزینەوەکان دادەنێت. ئەگەرچی ئاو جیهانی ڕاستەقینەی دەرەکی ڕەت ناکاتەوە، کە بە (نەمینە)ی دادەنێت، هەش لە تێگەیشتن لەی کەمتوانایە و سنووری تێگەیشتنەکانی هەش تێنیا دیاردەکانە. لەو ڕوانگەیەوە، هەر جۆرە بانگەشەیەک بە تێگەیشتن لەوەی لە دەرەوەی سنووری تێگەیشتنی هەشە لای (کانت) بانگەشەیەکە لە دەرەوەی دروستێتی. تەنانەت (کانت) بە بەرزکردنەوەی ڕەخنە لە ئاست سرووشتناسیی (هیوم)، یاسای هەکردی بە ناپێتی دادەنێت ئەگەرچی لەپشتریش بن، وەک پێی وایە دەربڕینی (هەر گەڕانەک هەکردی خۆی هەیە) ئاو دەربڕینەیە، کە ئەگەرچی لەپشترە، بەڵام ناپێتییە بەو هەکارەی خودی چەمکی گەڕان ‘چەمکەکە لە ئەزموونەوە دەرهێندراوە.’3 بەڵام ئایا خودی چەمک خۆی چۆن لە هەشی مرۆڤدا دادەهێندرێت؟ وەڵامی (کانت) بە ئاو پرسیارە ئاوەیە، کە ‘بە کارستەکانی هەستکردن، لە ئاکامدا، بابەتەکانمان دەست دەکەون و هەر ئاوە گەشە بە دەرککردنی ئەمە دەدات؛ بە تێگەیشتن دەبن بە بیر و لاوەڕ چەمکەکان سەرهەڵدەدەن.’4 بەیە دەبینین بە لەدایکبوونی چەمکەکان کەمەڵک پێشمەرج هەن، کە دەبێت ئامادەییان هەبێت. سەرەتا دەبێت مرۆڤ خاوەن کارستەکانی هەستیاری یان هەستکردن بێت و ئاو هەستکردنەش خاوەن بابەت یان ئەبجێکتێک بێت بە

هەستکردن. لە ڕووگەی پەیبردن یان درککردن تێگەیشتن بە بابەتەکان دروست دەبێت و خودی تێگەیشتنەکە بیرە و لە ئاکامدا زنجیرەی بیرەکان لە یەکێتیی چەمکدا یەک دەگرنەوە. بەڵام خودی ڕەسەنێتیی هەستکردن، بە دیدی ئەو، لەپشتر و ڕووگەکانی لە هۆش دان؛ لەو هۆشەی ‘ناوەڕۆکی تەواوی فرەلایەنییەکانی جیهانی دیاردە ڕەخراون و لەژێر پەوەندیی دیاریکراو دەبینرێن.’5 خودی شوێن و کاتیش دووبارە لە هۆشدا ڕەخراون لەژێر ئەو تێڕوانینەی بە پەوەندییە دیاریکراوەکانی هەیە. ئەگەر هەر چەمکی ‘گیان’ جارێکی تر بە نموونە بهێنینەوە، ئەوا بە (کانت)، گیان لەناو کات دایە. بە ئەوەی گیان شتێکی ئاستەقینە بێت، پێشمەرجە سەرەتا کات شتێکی ئاستەقینە بێت. ئەو نکۆیی لە ئاستەقینەیی کات ناکاتەوە، بەڵام بە ئەو ‘کات هیچ نییە جگە لە فۆرمێکی دەرککردنی ناوەکیمان.’6 (کانت) زیاتر لەوە دەڕوات و دەنووسێت: “ئەگەر مەرجی تایبەتی هەستککردنمان لە [کات] جیا بکەینەوە، چەمکی کاتیش لەناو دەچێت؛ هەبوونی لە بابەتەکان لە-خۆیان-دا نییە، بەڵکو بە تەنیا لە سەبجێکتەکەدا (یان لە هۆش)دا، کە درککیان پێ دەکات.”7

لەو ڕوانگەیەوە، مادام زەمینەی هەموو زانینەکان لەناو شوێن و کاتدان و ئەو دووانەیش وابستەن بە هەبوونی هۆش، دەگەینەوە بەو ئاکامەی، کە هەموو زانینەکان سەبجێکتیڤ یان خۆیین. لە هەمان کاتدا، بە دیدی ئەو، دوو ڕووگە هەیە بە زانین، یەکەمیان لە ڕووگەی پەیپەبردنی هەستەکی و دووەمیان لە ڕووگەی تێگەیشتن بە هەی چەمکەکان، وەک خۆی دەنووسێت: “لە دەرەوەی هەستکردن، ئەمە ناتوانین درککردنمان هەبێت؛ لە ئاکامدا، تێگەیشتن فاکتێتی درککردن نییە. بەڵام بەبێ درککردن هیچ ڕووگەیەکی تری زانین نییە، جگە لە ڕووگەی چەمکەکانەوە نەبێت؛ لە ئاکامدا، هەر تێگەیشتنەکی زانین، لانی کەم هیی مرۆڤ، زانینە لە ڕووگەی چەمکەکانەوە – نەک ئەوەی درککردن بێت، بەڵکو گوتاریی.”8
خودی دروستبوونی چەمک لە ئاکامی، لە ئاستە پێتییەکەیدا، پێسسی ناڕەخراو نین، بەڵکو لە ئاکامی پێسسەکن، کە (کانت) ناوی دەنێت ‘سینتەسیس – synthesis..’ بە ئەوەی سینتەسیس پێتی بێت، بە دیدی (کانت)، فرەلایەنیی توانستی زانین (cognition) لەسەر ئەزموون دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای لەپشتر، وەک خۆی دەنووسێت: “مەبەستم لە وشەی سینتەسیس لە دەربڕینە گشتییەکەیدا پێسسی یەکگرتنی ڕوونکردنەوە جیاوازکانە بە یەکەوە و پێبردنە بە فرەلایەنییان لە یەک توانستی زانیندا. سینتەسیسەکە پێتییە ئەگەر فرەلایەنییەکە لەسەر بنەمای ئەزموون نەبێت، بەڵکو هیی لەپشتر بێت

(وەک ئەوەی لە شوێن و کات بێت).”10

سەبارەت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، (ماکس ڤیبەر) لەسەر هەمان بنەباز ڕاڤە بە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دابین دەکات. بە دیدی (ڤیبەر)، بە دیاردە سرووشتییەکان مامەڵەجیای سرووشتناسی دەشێت گونجاو بێت، بەڵام چونکە مرۆڤ بریکارێکی کۆمەڵایەتییە، ئەمە ناتوانین لە ڕێگەی دیاردە سرووشتییەکان تێنانێت سرووشتی مرۆڤ خۆیشی، لە کردارە کۆمەڵایەتییەکانی تێبگەین. ئەویش پەیوەندیی بەوە هەیە، کە مرۆڤ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بوونەوەرێکی واتا-بەخش و واتا-ئافرێنەرە. (ڤیبەر) چەمکی (Verstehen)، کە بە واتای تێگەیشتنی ڕاڤەیی دێت، بە ئەو لایەنە بە کار دەهێنێت. مرۆڤ وەک بریکارێکی کۆمەڵایەتی و لەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، واتە لە ناو پەیوەندیی هێزەکاندا، ڕاڤەی سەبجێکتڤیانەی بە کرداری خۆی و ئەوانی تر هەیە. مادام تێگەیشتنەکانیشی سەبجێکتیڤانەن، هەرگیز لە بەرانبەر ڕاستیەندا تەواو نین. مرۆڤ بەو توانستەی هەیەتی هەرگیز ناتوانێت تێگەیشتنی تەواوی بە ڕاستیەنە هەبێت و هەمیشە تێگەیشتنەکانی بابەتن بە سنووردارێتیی هۆش لە ئاست ڕاستیەندا. نێ-کانتییەکان لە ئاست ئەو کۆشیدا هۆشمەند بوون، بەڵام چارسەریان بە ئەو دابەشکردنە پارچەکانی ڕاستیەنە بوو بە دەزینەوەی بەرانبەرەکانیان لە هۆشدا، ئەویش لە ڕێگەی پێکهێنانی چەمک (concept formation) بە هۆکاری ئەوەی هەرسکردنی تەواوی ڕاستیەنە بە یەکجار ئەرکێکی نەکردەیی بە هۆش. (ڤیبەر)، بە پێچەوانەوە، پێنا بە پێکهێنانی جۆری نموونەیی (ideal formation) دەبات وەک کەرەستەیەکی مێتەدۆلۆجی لەپێناو تێگەیشتن لە هەر کێسێک، کە تەئسیر مامەڵەی لەگەڵ دەکات. جۆری نموونەیی واتە باڵاترین ئامانج و ئاکامی کرداری کۆمەڵایەتی بە گرووپێکی دیاریکراو لە شوێن و کاتی دیاریکراودا. ئەگەرچی جۆری نموونەیی دەشێت هەرگیز لە ڕاستیەندا نەبێت، بەڵام بونیادنانی یارمەتی ئەوەمان دەدات، کە تێبگەین ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان لەپێناو چیدا کردارەکانیان ئاڕاستە دەکەن و چ لایەنێکە وا دەکات لە هەنانە دی ئەو ئامانجیان سەرکەوتوو نەبن.

ئەگەر نموونەییەکی پەیوەندیدار بهێنینەوە و وای دابنێین ئامانجی گرووپێک ‘سەربەخۆیی’ە، ئەوا لێرەدا سەربەخۆیی ئامانجە نموونەییەکەیە، واتە جۆری نموونەیی. هەر بزووتنەوەیەک بە ئەو ئامانجە تێبکۆشێت، کردارەکانی لە جۆری نموونەییەدا لە چوارچێوەی

ئەو ئامانجە ئایدیۆلۆجییە ڕاڤەیان بۆ دەکرێت. دوژمن و دۆست هەر لە چوارچێوەی ئەو ئامانجە بەیاریان لەسەر دەدرێت، چەمکەکان بۆ ئەو ئامانجە بونیاد دەنرێن و تێگەیشتن و پاڵنەری ئەکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش هەر لە چوارچێوەی ئەو جۆرە نموونەییەدا ڕاڤە دەکرێن. بەڵام ئەو جۆرە نموونەییە، واتە ئەو ئاستەیە، کە ئەمەی وای دادەنێین هەموو کردارە کۆمەڵایەتییەکان لەو پێی هەشمەندیدا بۆ ئەو ئامانجە ئەنجام دەدرێن، کە لە ڕاستیدا ئەوە دەخەکەنییە، بەکو هەلومەرج و بڕژەوەندیی تر لە کایەکەدان، کە وا دەکات گەیشتن بەو جۆرە نموونەییە لەژێر باری ئەو دەخانەدا نەکرێت. لەو ڕووەوە، بونیادنانی ئامانجی نموونەیی یارمەتی ئەوەمان دەدات هەم لە پاڵنەری کردارەکان تێبگەین، هەم بە دوای ئەو هەکار و هەلومەرجانەدا بگەڕێین، کە بەربەست بە بەدیهێنانی جۆرە نموونەییەکە لە گەی ڕاستیدا دروست دەکەن. خودی چەمکی 'سەربەخۆیی' بونیادنراوەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. لێرەدا مرۆڤی واتا-بەخش واتا بە کردار و ئامانجەکانی دەبەخشێت، کە لەو کۆنتەکستەدا لە پێناو 'سەربەخۆیی'یە. مادام ئەمە باسی چەمکی 'سەربەخۆیی' دەکەین، کە چەمکێکە ئەمە لە ڕۆگەی سروشتناسییەوە ناتوانین لێی تێبگەین بەو پێیەی لە بنەڕەتدا لە پێوەندیی کۆمەڵایەتیدا بونیاد نراوە، بەچوونی (ڤیبەر) سەبارەت بەوەی، کە هەر دیاردەیەک لە خۆیدا دەگمەنە و پێویستە لە چوارچێوەی تایبەتی خۆیدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، نەک ئەوەی لە ڕۆگەی دەزیندەوەی یاسای گشتگیری گەردوونی کەم بکرێتەوە، بە تەواوەتی دروستە. هەر جۆرە ئایدیۆلۆجیایەکیش دووبارە جۆری نموونەییە و لە ڕۆگەی چەمکەکانەوە وێک بونیادێکی کۆمەڵایەتی نوێ بونیاد نراوە. کرداری تاکەکەسە چالاکەکانیش هەر لە چوارچێوەی ئەو واتا و مەبەستەی هاوپێچی کردارەکانیان دەکەن ڕاڤەیان بۆ دەکرێت. لە دواتردا بە وردی بۆ ئەو باسە لە پێوەندییدا بە کێشەی کورد دەگەڕێینەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە دابینکردنی باکگراوندێکە بۆ ئەو باسە.

تێگەیشتن لە پاڵنەر و مەبەستەکانی مرۆڤ لە پێوەندیی کۆمەڵایەتیدا ڕوونکردنەوەی ڕێژەیی دابین دەکات. بەڵام، بە تێگەیشتن لەو ڕووداو و ئاکامانەی لە گەڕانی ڕاستەقینە ڕوو دەدەن، کەمتوانایە، چونکە لە ئاست دەستکەوت و ڕووداوەکاندا، بە ڕەهایی گرنگ نییە پاڵنەرەکان چین و چۆن تاکەکەسەکان واتا بە کردارەکانیان دەبەخشن ئاگەڕ ئەو پاڵنەرانە ئامانجی خۆیان لە ڕاستەقینەدا نەپێکن. بە واتایەکی تر، نەک هەر ئەوەی لە هەمبەر ڕاستەقینەدا چ واتایەک دەئافرێنین و چۆن لە ڕۆگەی واتا چوارچێوەی بە ڕاستەقینە

دەبخشین، وەک ئاوەی لای (ڤیبەر) پەداگری لەسەر دەکرێت، بەڵکو خودی ئاستەقینەی چییە و چۆن دەتوانین پەی بە میکانیزم و بونیادە شاراوەکانی ببینین دەبێت بە پرسیکی گرنگ و جەی بایەخ بە ئاوانەی نە لە چوارچێوەی سرووشتناسی و نە لە هیی بوونیادگەریی کۆمەڵایەتی تینیووەتیی دەزینەوە و دامەزراندنی زانینان ناشکێت. لە بەرانبەر ئاستەقینەدا، کاتێک جیهانبینیی مرۆڤ دەبێت بە پێوەر، دەزینەوەکان تەنیا لە چوارچێوەی تێگەیشتن لە خودی باوەڕ و جیهانبینی مرۆڤ دەبن تا ئاوەی ئاستەقینەی خۆی چییە. ئاوەش ڕێگە بە دیاردەیەک خۆش دەکات، کە پێی دەڵێن ‘دروستێتیی یەکسان – equal validity’. مەبەست لەو چەمکە ئاوەیە، کە هەموو شتەکان بە ڕاچاوکردنی جیهانبینی و پاڵنەری تاکەکەسەکان بە ئاستەقینە دروستە.
بە نموونە، ئێگەرچی باوەڕ و بۆچوونەکانیان هەر چەند لە بنەڕەتدا جیاواز بن، بە موسڵمانێک ئیسلام، بە مەسیحییەک مەسیحی و بە بە-باوەڕێک بەباوەڕی بنەمای دروستێتی و ڕاستین، بەڵام بە گوێرەی پێوەری ‘دروستێتیی یەکسان’ هەر سێ باوەڕ بە هاوتای بنەماکانیان بە خەیان دروستن. دەبینین لە ئاست ئاستەقینەدا، بونیادگەریی کۆمەڵایەتی لە قەیران دایە. تەنانەت لەو بۆچوونەیشی، کە وا دەڕوانێت جیهان لە ڕێگەی ئایدیاکانمان دەگۆڕێت. نە دیدگای موسڵمان، نە مەسیحی و نە بە باوەڕی لە هەمبەر ئاستەقینەدا یەکسان نین. نێک هەر لە بواری کۆمەڵایەتی، بەڵکوو لە هیی سرووشتیش ئەمە ڕووبەڕووی بەربەستەکانی زانست دەبینەوە. چارەسەرێکی گشتگیر بە نەخشیی شێرپەنجە نییە. ئاوەی بە نەخشەک چارەسەرە، دڵشت بە نەخشەکی تر کاریگەرییە خراپەکانی زیاتر بن تا باشەکانی، چونکە بونیاد و میکانیزمی نەخشیی نەخشەکان جیاوازە.

فەلسەفەی زانست پێویستی بە ڕەبازی تەکەنە و بەهەز هەیە لە هەڵسەنگاندن و ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکانی زانست، چ کۆمەڵایەتی بن، چ سرووشتی بە ئاوەی بتوانێت لە ئاست دیاردەکان خاوەن هەزی ڕوونکردنەوەیی زیاتر بێت.

لێرەدا، قوتابخانەی سێیەم، کە (ڕیالیزمی ڕەخنەیی)یە، کە دەکرێت بە (ڕاستەقینەیی ڕەخنەیی – Critical Realism) بە کێوردی وەربگێدرێت، بە فەلسەفەی زانست لە لایەن (ڕۆی ڕام باسکار، 1944-2014) دامەزرێت. جگە لەو دەستواژەیە، ڕیالیزمی باڵا یان ڕاستەقینەیی باڵا (Transcendental Realism)یش بە هەمان فەرگە بە کار دێت. پێویستە ئاماژە بەوە بدەم، کە چۆن (هایدیگەر) لە پەرتووکی (بوون و کات) ئاماژە بە قەیرانی زانستەکان دەکات بەو

پەیەی توژینەوەن لە هەبووکان تا ئاستەکردنی بیرکردنەوە ووەو بوونناسی و لەوەدا دەنووسەت: "ئەمە جارە ئارەزووکردنک بە دانانی توژینەوە لەسەر زەمینەیەکی نوە لە هەموو بوارەکاندا سەری هەداوە"11 ، بەو شەویە (باسکار) شوەن داوای هاوشەوە دەکەوەت بە دامەزراندنی 'زەمینەیەکی نوە لە هەموو بوارەکاندا.' بە هەکار نییە، کە لە دامەزراندنی قوتابخانەکەیدا، پەنا بە دامەزراندنی ئەنتەلەجیایەکی هاوشەوە دەبات، ئەویش ئەنتەلەجیایەک، کە لەسەر بنەمای ئەنتەلەجیای بووەن دامەزراوە و پشتگیری لە بە بنەەت-دانانی بووەن لە توژینەوە و بیرکردنەوە سەربەخە لە سیستەمەکانی زانین دەکات. ئەمە دەزانین لە ئایدیالیزمی باەای (کانت)، چەقی تەگەیشتن تەگەیشتنە لە هەش، سەرەتا لە ئاستە پەتییەکەی و دواتر ئەو دەرکەوتانەی لە دەکەونەوە. بە (باسکار)، هاستەقینەیەک لە دەرەوەی هەشدا هەیە. بەبە بوونەوەرەکی هەشمەندە، بەشوومار دیاردەی گەردوونی ووو دەدەن؛ شەپەلی دەنگەکان لە گەشت بەردەوام دەبن، باران هەر دەبارەت، بوونەوەرانی تر دەشەت بژین و زەر نموونەی تر، بەەام تاکە جیاوازی ئەویە، کە مرەقی تەبینیکار لەوەدا نابەت. خەسەتی تەبینیکردن، کە سەرچاوەکەی هەشە بەیار لەسەر بوونی هاستەقینە نادات، بەەکو تەنیا دەتوانەت لە ئاستیدا ئاگامەند بەت. بە دیدی (ەەی باسکار) هاستەقینە لە سە ەەگاوە خەی مانیفەست دەکات. سەرەتا بە سادە دەردەکەوەت، بەەام دواتر ئاەەز و تا دەگات بە سرووشتی خەی، کە گرەیەکە و ئەگەری کردنەوەی تەواوەتی نییە. هەوداوەکان ئاکامی سەرسوەهەنەر نین، بەەکو دەرئەنجامی میکانیزم، هەز و بونیادی شاراوەن. ئەوەی لە کات و شوەنکدا هەو دەدات، هیچ مەرج نییە لە کات و شوەنکی تردا هەو بداتەوە، ئەگەر هەمان میکانیزم، بونیاد و هەلومەرجەکان ئامادەیان نەبەت. لەو هەوانگەیەوە، (باسکار) هاستەقینەیی ەەخنەیی لە هاستەقینەیی ئەزموونی (Empirical Realism) جیا دەکاتەوە بەوەی، کە هیچ دووەمیان هەمیشە لە ەەگەی ئەزموونەوە خوەندنەوە و هاقەی خەی بە هاستەقینە بونیاد دەنەت، لە کاتکدا هاستەقینە مەودایەکی کراوەیە و لە ەەگەی ئەوەی هەوی داوە سنووردار ناکرەت، چونکە خەی گەەپان و بەرهەمهەنەری هەوداو و ئەزموونەکانە. بە ئەو مەبەستە، سەرەتا پەویست دەکات خشتەی بناغەی سیستەمەکەی ئەو وەک خە، کە لە پەرتووکی (تیەری هاستەقینەی زانست) کەشاویەتی، بخەینە هەو:12

	پانتایی هاستەقینە	پانتایی هاستی	پانتایی ئەزموونی
میکانیزم	✓		

ووداوەکان	✓	✓	
ئەزموونەکان	✓	✓	✓

وەک دەبینین و وەک خۆیشی ئاماژەی پێ دەدات، میکانیزمەکان تەنیا لە پانتایی یان کەشکی مەودای ئاستەقینەدا هەن و سەربەخۆن لە ئەزموون و ووداوەکان. نەک هەر ئەوە، بە تێگەیشتن لە ووداو و ئەزموونەکان ئەمە پێویستیمان بەوەیە بە خودی میکانیزمەکان بگەینەوە بە ئەوەی سەرچاوەی ووداو و ئەزموونەکان بدەزینەوە، کە میکانیزمەکانن، بەڵام هەرگیز بە تەنیا ناتوانین لە ڕێگەی ووداو و ئەزموونەکان لە تەواوی میکانیزمەکان تێبگەین. بە هەمان شێوە، وەک خشتەکە ووونی دەکاتەوە، ووداوەکان سەربەخۆن و بوونیان لەسەر ئەزموونەکان نەوەستاوە، هەر وەک چۆن ئەزموونەکانیش وابەستە نین بە ووداوەکان. هەم ووداوەکان، هەم ئەزموونەکان، لەو ڕوانگەیەوە دەرکەوتۆن، وەک خۆی دەنووسێت: "جیهان لە شتەکان پێکهاتووە نەک لە ووداوەکان. زۆربەی شتەکان بابەتی گرێدارن (complex objects)، کە بەهێزەوە خاوەن یەکێتییەکن لە ئاستە، ئاگەر و هەزەکان. بە گەڕانەوە بە پێوەکردنی ئاستە، ئاگەر و هەزەکانیان، کە دیاردەکانی جیهان ڕوون دەکرێنەوە."13

پێڕوانەی چەمکی یاسا هەکردەکانی سرووشتناسەکان (naturalists)، (باسکار) چەمکی میکانیزمە بەرهەمهێنەرەکان (generative mechanisms) بە کار دەهێنێت. بە پێناسەی ئەو، میکانیزمە بەرهەمهێنەرەکان 'هیچ نین، جگە لە شێوەی کرداری شتەکان.'14 کێشەی سیستەمی زانینی (هیوم)، بە دیدی (باسکار) ئەوەیە، کە (هیوم) یاسا هەکردەکان لە چوارچێوەی سیستەمێکی داخراو ڕاچاو دەکات، یان بە واتایەکی تر، بەچوونی وایە، کە ئاستەقینە سیستەمێکی داخراوە و ڕێچکەدار یان خاوەن یاسای هەکردی بەیار لەسەر دراوە، کە تێیدا ووداوەکان بەردەوام چەندبارە دەبنەوە. بە (باسکار)، ئاستەقینە تێکەڵکی کراوەیە و لەو سێ ئاستەی ئاماژەمان پێی دا خۆی مانیفێست دەکات. جگە لە ڕەتکردنەوەی قوتابخانە ئەزموونگەرایی (هیوم)، (باسکار) قوتابخانەی ئایدیالیزمی باڵای (کانت) ڕەت دەکاتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی، کە ئایدیالیزمی باڵا وا لە جیهانی سرووشتی دەڕوانێت، کە بونیادەکی هەشەکی بێت تا بوونەکی سەربەخۆ لە دەرەوەی هەشدا.15

(باسکار) ئاماژە بە قەیرانەکی تری ئەو دوو ڕەبازە دەدات، کە ناوی دەنێت ئیپستیمیی چەوت (epistemic fallacy). مەبەستی لەو چەمکە کەمکردنەوەی بوونە بە زانین، یان ئەنتۆلۆجیا بە ئیپیستیمۆلۆجی،

وەک بەرانبەر ئەو دیاردەیەی ئاستەقینەیی ئەزموونی دەنووسێت: "... کە پرسیارە ئەنتەلەجیەکان هەمیشە دەتوانرێت جگەلەکەیان لەگەڵ تەرمە ئیپیسیمەلەجیەکان پێ بکرێت."16

ئەو کێشەیە لەوە بەرفراوانترە بەو پێیەی، کە زانین گوتاری ڕەهای خەی، کە بە دیدی ئەو لەسەر بنەمای ئیپستیمیی چەوت دامەزراوە، بەرانبەر بە بوون بەرز دەکاتەوە و هەر چەند لە بنەڕەتیشدا لاواز بێت، لەسەر بنەمای دروستێتی لە چوارچێوەی ئەو فەرگەیەی زانین ڕەوایەت و هەزی پێ دەبەخشرێت. خودی (کانت)، بە بەچوونی ئەو، لە ڕەگەی ئەو بەچوونەی، کە پێی وایە کاتیگەریەکان ئەگەر لەسەر بنەمای هەست یان ئەگەری بوونیان بە ئەزموون بونیاد نەنرێن، هیچ واتایەکیان نییە، تووشی دامەزراندنی ئیپستیمیی چەوت دەبێتەوە کاتێک بوون بە بابەتی زانین کەم دەکاتەوە.17

بەڵام ئەنجامدانی ئیپستیمیی چەوت لە دامەزراندنی هەر سیستەمێکی زانین تەنیا پەیوەندیی بەو دوو قوتابخانەی فەلسەفەی زانستەوە نییە، بەڵکو بە دیدی ئەو، بوارەکانی گرتووەتەوە. بەڕام بە (باسکار)، زانین دەبێت وا ڕەچاو بکرێت، کە کارەستەیەکە بە بەرهەمهێنان و زانستیش وەک چالاکییەکی بەردەوامی کۆمەڵایەتی، کە لە پرۆسەی گواستنەوەی بەردەوام دایە.18

زانین بە ئەو دوو جۆر زانینە. یەکەمیان زانینی پراکتیکی یان زانینی چالاکییەکانی مرۆڤ، واتە زانینێک کە پەیوەندی بە وەبەرهێنان و پیشەوە هەیە، بە نموونە چێنیەتی دروستکردنی فڕۆکە. دووەمیان زانینە سەبارەت بە بوون و دیاردەکانی. مرۆڤ دەتوانێت دەستکاری و گۆڕە بە زانینی یەکەم بدات، بەڵام لە ئاست زانینی دووەمیان کەمتوانایە و توانای گۆڕینی نییە، بەڵکو تەنیا دەتوانێت بوونەوەرێکی تێبینیکار و دەزگەرەوە بێت لە ئاستیدا. ئەمە زانینمان سەبارەت بە بوون هەبێت یان نا هیچ لە باڵادەستیی بوون کەم ناکاتەوە.

ئاستەقینە چییە و ئەمە چۆن دەتوانین هەزی تێگەیشتنمان بەسەر ئاستەقینەدا هەبێت؟ لەو ئاڤانەدا هیچمان بە دەرنەکەوتبێت، ئەوەمان بە دەرکەوتووە، کە چەندبارەبوونەوەی ڕووداوی هاوشێوە تەنیا ڕێکەوتن بە گۆڕەی بونیاد و میکانیزمەکان، نەک حەتمی. ئەوەی لە شوێن و کاتێکی دیاریکراو ڕوو دەدات پەیوەندیی بە کۆنتێکستی ئەو شوێن و کاتەوە هەیە، نەک هیی کات و شوێنی تر بە گۆڕەی بونیاد، میکانیزم و هەلومەرجەکان. پەیستە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەم، کە ئاوێش ڕەهای هەلومەرجەکانە، کە دواتر لە نموونەی قەوارەی هەرەمی کوردستان ڕوونکردنەوەی زیاتر دابین دەکەم. میکانیزمەکان پەیستیمان بە هەلومەرجی خۆیان هەیە بە

ئەوەی ئاکامی دیاریکراو بدەن بە دەستەوە. بەڵام ئەو هەڵومەرجانە ئاکامی کراوەیی ئاستەقینەن. لەو ڕووەوە، ئاستەقینە وەک تەکنیکی کراوە خاوەن فرەچکەیە. (باسکار) چەمکی (demi-regular) بە ئەو دەخە بە کار دەهێنێت، کە چەمکێکی بیرکارییە بە ئەندازە و شێوەکان بە کار دێت؛ ئەوەی لە ئاستێکدا چوارگۆشەیە و لە ئاستێکی چەندبارەبوونەوەی چوارگۆشەیی هەیە لە ئاستێکی تردا دژێت بازنەیی و سەرگۆشەیی بێت یان ئاستی تر بن بە تەنیا لەبەر ئەوەی ئاستەقینە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەمیشەیی نییە و بەردەوام لە گۆڕانە پێشبینینەکراوەکانی خۆی دایە.

نموونەی کێشەی کورد و هەرێمی کوردستان

ئەگەر ئەم سەیری کێشەی سیاسی کورد بکەین و بمانەوێت تێگەیشتنێک لەسەر بنەمای فەلسەفەی زانین دابمەزرێنین، ڕووبەڕووی کێشەیەک بەربەست دەبینەوە. ئامانجی سیاسی کورد بە چەندین دەیە بریتی بووە و بریتییە لە سەربەخۆیی (کورستان)، بەڵام تەنیا لە (کوردستان)ی باشوور ئەو ئامانجە تا ئادەیەکی سنووردار بەدەست هاتووە لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتووانی (کورستان)ی باشوور زۆر کەمترە لە هیی باکوور و ڕۆژهەڵات. ئەم چۆن دەتوانین وەها کێسێک ڕاڤە بکەین؟ بە بۆچوونی من، ئەم دەتوانین لە ڕوانگەی دوو فۆرگەی بنەڕەتی فەلسەفەی زانست لەو کێشەیە تێبگەین، ئەوانیش بونیادگەریی کۆمەڵایەتی و ئاستەقینەیی ڕەخنەییە. بوونیادگەریی کۆمەڵایەتی بە ئەوە گرنگە، کە ئەم جۆری نموونەی بە ئەو کێشەیەی کورد بونیاد بنێین، کە پێشتر ئاماژەمان پێی داوە. جۆری نموونەیی بە کێشەی سیاسی کورد دەوترێت، واتە کورد لە بنەڕەتدا و لە ئاستە ئایدیاڵەکەیدا بە دەوترێتبوون تێدەکۆشێت. چەمکی دەوڵەت لەڕەدا چەمکێکی بونیادگەریی کۆمەڵایەتییە، واتە کارەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان ئەو چەمکەیان داهێناوە و ڕەخنەکراوەکی سیاسیان لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراندووە، کە دەوترێت. بە پێناسەکەی (ماکس ڤیبەر) بێت، ‘دەوڵەت ڕەخنەکراوەکی سیاسییە، کە سەرکەوتووانە گوتاری قۆرغکردنی بەکارهێنانی تووندوتیژیی ڕەوایەتپێدراو بەسەر ناوچەیەکی دیاریکراودا بەرز دەکاتەوە.’19
ئەو پێناسەیە فرەدیوە. بە ئەوەی دەوڵەت هەبێت، دەبێت ئەو دەوڵەتە توانای قۆرغکردنی گوتاری تووندوتیژی بەسەر خاک و کۆمەڵدا هەبێت، واتە لە ئاستە نموونەیەکەیدا، دەوڵەت دەبێت سوپای هەبێت و ئەو سوپایە سەرکەوتووانە هەزی خۆی بەسەر خاکدا بسەپێنێت. لە هەمان کاتدا، سوپا خۆی دەبێت تاکە ڕەخنەکراوی بەکارهێنانی تووندوتیژیی

هەواڵەکەدراو بۆت بەسەر خاک و کەمەندا. ئەو پێناسەیە، کە جاری نموونەیە، یەکێکە لە پەرەکان بە هەڵسەنگاندنی شکست و سەرکەوتووی دەوڵەت بەسەر خاکدا. ئەو دەوڵاتانەی توانای سەپاندنی هێزی سوپایان بەسەر خاکدا نییە، بە نموونە (سەماریا)، (سوریا) و تەنانەت (عێراق)یش، بە دەوڵەتی شکستخواردوو هەژمار دەکرێن و هێزی دژەکی هەواڵەتی هەیە لە پشێلکردنی سەروەریی ئەو دەوڵەتانە.

بەڵام چەمکی دەوڵەت وابەستەیە بە چەمکی سەروەری. لە ڕاستیدا، سەروەریی واتە دەوڵەت. بە ئاوەی دەوڵەتێکیش سەروەر بێت، دەبێت سەربەخۆ بێت. سەربەخۆیی لێرەدا دواین هەنگاوە بە دروستبوونی دەوڵەت تا یەکەم هەنگاو، چونکە سەربەخۆیی لە کەمەندگەی نەودەوڵەتی بەیاری لەسەر دەدرێت تا لە ئاستی ناوخۆ. کاتێک (داعش) سەرکەوتووانە خاکی (سوریا) و (عێراق)ی داگیر کرد، لە ئاستی ناوخۆ خاوەن هەرە زۆری خەسڵەتەکانی دەوڵەت بوو، بەڵام ددانپێدانانی نەودەوڵەتی بەس بوو بە لە ئاستی نەودەوڵەتیدا هاوپەیمانی لەناوبردنی ئەو ڕێکخراوە پێکبهێندرێت. لە هەمان کاتدا، کاتێک (بەریتانیا) و (فەڕانسا) و دەوڵەتانی تری داگیرکار دەستیان بە داگیرکاریی خاکەکانی خەرهەڵات کرد، ئەوان هیچ دەوڵەتێکیان داگیر نەکرد، بەڵکو خاکی بە سەروەرییان داگیر کرد، چونکە هیچ یەکێک لەو خاکانە خاوەن دەوڵەت نەبوون. واتە خاکی کراوە بوون بە داگیرکاری، بەکارهێنان و تەراتێن. لەو ڕووەوە، کاتێک دەوڵەت بوونی نییە، هیچ گرووپێک سەروەریی بەسەر خاکدا نییە، لانی کەم لە ئاستی نەودەوڵەتیدا. دیاردەی دەوڵەت لە سەدەی هەژدە لە (ئەوروپا) شێوە دەگرێت و بە پەرسەسکی درێژخایەن بەسەر تەواوی جیهاندا بڵاو دەبێتەوە. لەو ڕوانگەیەوە، پشتگیری و ددانپێدانانی نەودەوڵەتی گرنگترین هەنگاوە بە تەواوکردنی دامەزراندنی دەوڵەت.
بەڵام لەگەڵ ئەوشدا، (هەرەمی کورستان) نموونەیەکی جیاوازمان پێ دەدات، چونکە سەرەڕای هەبوونی دەوڵەتێکی هەواڵەتپەدراوی وەکو (عێراق)، هەشتا ئەو دەوڵەتە توانای سەپاندنی هێزی بەسەر تەواوی خاکی خۆیدا نییە. بە کورد لە (عێراق) خاوەن وەها دەستەاتێک، بەڵام لە (تورکیا) بنەڕەتترین مافەکانی شوناسی لە داگیر کراوە؟ بونیادگەریی کەمەایەتی لێرەدا توانای ئاوەی نییە وەڵامی ئەو پرسیارەمان بداتەوە، چونکە ئەگەر باسەکە سەربەخۆیی بێت، کوردەکان لە هەر چوار پارچە بە سەربەخۆیی تەدەکشن. لەو ڕووەوە، ئەمە پەیستە پێنا بە قوتابخانەکەی (ڕەی باسکار) ببەین لەپێناو دەزینەوەی بونیاد، میکانیزم و هەلومەرجەکان، کە وا دەکەن هەرەمێک

بە نزیکەی شەش ملیۆن کورد دەستەاتی نەتەوەیی زۆر زیاتر بێت لە بەشەکی (کوردستان)، کە دانیشتووانی زیاتر لە بیست ملیۆنە. ئایا باسکە ئەوەیە، کە کوردەکانی باشوور شەشگەانترن لە کوردەکانی بەشەکانی تر؟ بە دڵنیاوەی بونیاد و میکانیزمەکان، دواتر هەڵسەنگاندنی هەڵومەرجەکان، دەتوانین وەاملکی شایستە بە ئەو پرسیارە بدەینەوە.

یەکەمیان سەبارەت بە میکانیزمەکان، کوردەکان لە هەر چوار پارچە خاوەن کەمەک میکانیزمی هاوبەشن، بە نموونە هەبوونی خوونی سەربەخۆیی نەتەوەیی، پارتی سیاسی، هێزی بەرگریکار و شەڕ، کە توانای چالاکی سەربازی هەبێت، زمان و کەلتوور. لە ڕووی ڕووداوەکانیشەوە، ڕووداوی سیاسی کورد لە هەر چوار پارچە ئامادەیی هەیە بە خوونی سەربەخۆیی، چ بە ڕاستەوخۆی بێت، چ بە ناڕاستەوخۆیی. کەواتە لەڕدا میکانیزم و بونیادەکان هاوبەشن. ئەگەر لە باشوور هێزی سەربازیی (یەکێتی) و (پارتی) هەیە، ئەوا لە باکوور (پەکەکە) هەیە، لە خەرهەات (دیموکرات) و (کەمە) و (پژاک) هەن و لە ڕۆژئاواش (هێزەکانی سوریای دیموکرات). لەو ڕووەوە، (یەکێتی) و (پارتی) تەنیا میکانیزمی بەرهەمهێندراوی کەمەگەی کوردین تا ئەوەی خەیان داینەمۆ و چەرخی خستنەگەڕی سەربەخۆیی (کوردستان) بن. بە هەمان شێوەیش، کۆشەکانی ئەو میکانیزمە بەرهەمهێندراوە، وەکو قەیرانانەی بەرهەمی ئەو حیزبەن، بەڵنەاوچوونی هیچ یەکەک لەوان کۆتایی نایەن، ئەگەر هەر جارە بزوتنەوەیەک دووبارە بەرهەمی هەمان میکانیزم بێت. ئەمە بینیمان، کە بزووتنەوەیەکی وەکو (گۆران) وێنەیەکی تەقێنەرتر و فەبازانەتری ئەو میکانیزمە بەرهەمهێندراوەی پێشان داین. لەڕدا ئەمە دەبێت لە هەڵومەرجەکان تێبگەین، کە وای کردووە (کوردستان)ی باشوور نیمچە-سەربەخۆ بێت، بە مافی بڕشداری سیاسی بەهێزی کوردەکان لە کاروباری دەوڵەتی (عێراق)، لە کاتێکدا هەمان دەخ بە کوردەکانی باکوور جیاواز بێت. سێ هەڵومەرجی سەرەکی هەن، کە وایکردووە ئەو دەخە بەو شێوەیە بێت، کە ئێوانین:

یەکەم، سیستەم و لاوازیی دەوڵەت:

بە ئەوەی کۆشەی کورد لە دەوڵەتێکی دیاریکراودا بەرەو پێشەوە بەوات، پێشمەرجە، کە ئەو دەوڵەتە لە ئاستی ناوەخۆدا یان سیستەمێکی دیموکراتی بەهێزی هەبێت، یان دەوڵەتێکی لاواز بێت. لە ساڵی 1991، کورد لە باشوور لاوازیی دەوڵەتی (عێراق)ی قەستەوە و هێزەکانیان بە ڕاپەڕین دەرکرد. بەڵام هێزەکانی (عێراق) گەڕانەوە و کوردەکان ئاوارەی شاخ بوونەوە. نە هێزی (یەکێتی)، نە هیی

(پارتی) و نە هیچ هێزێکی تر نەیانتوانی ڕووبەڕووی سوپا ببنەوە. ئەوەی وایکرد ناوچەکانی (کوردستان) حوکمی چارەی خۆ-نووسینان هەبێت، دەستەوەردانی (نەتەوە یەکگرتووەکان) بوو. لە هەمان کاتدا، لە لاوازیی دەوڵەتی (سوریا)، هێزەکانی (سوریای دیموکرات) هەڵیان قۆستەوە و هێزی خۆیان بەسەر خاکدا سەپاند. هەمان هەلومەرج لە (تورکیا) و (ئێران) تێبینی ناکرێت، چونکە ئەو دوو دەوڵەتە هێزی بەهێزی سوپایان بەسەر خاکدا هەیە و هیچ کات بە شێوەی (عێراق) و (سوریا) لاواز نەبوون، جگە لە دوای شۆڕشی ساڵی 1979ی (ئێران)، کە سەردەمی زەمینی (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بوو.

دووەم، پشتگیریی نەودەوڵەتی:
سەرەڕای دەستپێکردنی شۆڕشی نوێ لە ساڵی 1976ەوە، لەگەڵ هەبوونی پارتی تری چەکدار، بە هێزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)یشەوە، (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)، هیچ دەستکەوتکی نەتەوەیی گرنگی لە ئاستی دەوڵەتداری بەدەست نەهێنا. (هەڵەبجە) کیمیاباران کرا و سەدان هەزار گوندنیشین و شارنشین زیندەبەچاڵ کران، بەڵام کەمەگەی نەودەوڵەتی هیچ یەکێک لەوانەی بە شایستەی ئەوە نەزانی ئاوڕ لە کێشەی کورد بداتەوە. تەنیا ڕووداوێکی نەودەوڵەتی، کە داگیرکردنی (کوەیت) بوو، واتە تێحداکردنی سیستەمی نەو-دەوڵەتی بەس بوو بە ئەوەی زلهێزێکی وەکو (ئەمریکا) و هاوپەیمانە نەودەوڵەتییەکانی تر وا لە بکەن سیاسەت و بەرنامەژییەکانی خۆیان بەرانبەر بە (عێراق) بگۆڕن. لەو ڕووداوەوە، کێشەی کورد سەرنجی نەودەوڵەتی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت. ئەوە پەوەندیی بە ڕووداوێکی سادەوە نییە، بەڵکو پەوەندیی بە گۆڕانی بونیاد و میکانیزمەکانی سیاستەکانی (عێراق) و کەمەگەی نەودەوڵەتی، لە بلۆکی (ئەمریکا)دا هەیە.

کێشە و ناکۆکی (عێراق) لەگەڵ (ئەمریکا) و (خۆرئاوا) کێشەی کورد بەرەو پێشەوە دەبات تا دەگات بە ڕووخاندنی ژێمی (سەدام حسێن) لە ساڵی 2003، کە کورد هاوپەیمانێکی ستراتیژی و پشتگیریکارێکی بە مەرج بوو بۆ (ئەمریکا)، هەنگاوێک، کە ڕەوایەتی باشی بە سیاسەتی (ئەمریکا)دا. پشتگیریی نەودەوڵەتی و دیپلۆماتی، بە تایبەت هیی (ئەمریکا) بە (هەرەمی کوردستان) ئەو هێزەیە، کە وای کردووە کورد بتوانێت حوکمڕانیی ناوچەیی خۆی هەبێت، نەک هێزە کوردییەکان بە تەنیا. ئەو پشتگیرییە تا سەر ئاسقان مەرجدارە، واتە وابەستەیە بە بەرژەوەندیی و سروشتی پەوەندییەکانی (ئەمریکا) لەگەڵ لایەنەکانی تر، خراپتر بۆ ئەوان، باشتر بۆ کورد و بۆ پێچەوانەشەوە. هەمان

هەلومەرج بەسەر کەشەی کورد لە (سوریا) ڕووبکردنەوە دابین دەکات. کشاندنەوەی پشتگیری (ئەمریکا) بەسە بۆ ئاوەی خوێنی دەیان هەزار شەقانی کورد ببێت بە بیرەوەرییەکی ناخۆشگیراوی مێژوو، وەک ئاو مەترسییەی لە هەرشەکانی (تورکیا) بۆ سەر هەزەکانی کورد لە (سوریا) بینیمان. هەمان هەلومەرج لە (تورکیا) بۆ کەشەی کورد ئامادەیی نییە، چونکە کەشەی کورد لە (تورکیا) خاوەن پشتگیریی نەبوونێتی نییە وەک ئاوەی لە (عێراق) و (سوریا) هەیە، بەڵام چونکە کەشەی کورد لە باکووردا خاوەن هەمان بونیاد و میکانیزمی داواکردنی مافە نەتەوەییەکانە، ئەمە لە (تورکیا) کەشەیکمان هەیە بۆ ناوی کەشەی کورد. بەڵام جیاوازییەکەی لەگەڵ (ئێران) ئاوەیە، کە ئاگرچی پشتگیریی (ئەمریکا) بۆ هەزە کوردییەکانی ناڕەزایەتی هەیە، بەڵام چونکە هەلومەرجی یەکەم، کە لاوازیی دەوڵەتە، ئامادەیی نییە، ئاو پشتگیرییە بۆ تەنیا کارتێکی گوشارە و بۆ کارهێنانی وابەستەیە بۆ لاوازیی دەوڵەتی (ئێران) و سیاسەتکانی لاگەڵ (ئەمریکا) ئاگرچی بونیاد و میکانیزمە سیاسییەکان لە چالاکی بەردەوام و ناڕەزایی خەیان دان.

سێیەم، سەرچاوە سرووشتییەکان:
نەوت لەو کەنتەکستەدا لە گرنگترینیانە. خاکی ناوچەکانی (هەرێمی کوردستان) لە ڕووی جیۆپۆلەتیک و سەرچاوە سرووشتییەکانی پاگەی (حکومەتی هەرێمی کوردستان)ی بەهێز کردووە. جگە لە دەستکەات و بەرژەوەندیی زلهێزەکان، بەرژەوەندیی گرووپە دیاریکراوەکان، کە خاوەن هێزی ناڕەزایی خەیانن لە دروستکردنی کارتی گوشار و کارگێرێتیان لەسەر بەیارە سیاسییەکان، پاڵنەرێکی گرنگە لە هێزی ناوچەیی و نەودەوڵەتی (حکومەتی هەرێم) و کێیسی کورد لە (عێراق)دا. بە هەمان شێوە، (حکومەتی هەرێم) بە تەنیا ناتوانێت هیچ مامەیەک بە سەرچاوە سرووشتییەکانییەوە بکات ئاگەر لاگەڵ هەرە دوژمنترین دەوڵەتی کورد، کە (تورکیا)یە، نەچێتە ئەککەوتنەوە (لەسەر خەرجی لادەستدانی هەستیارترین بەرژەوەندییە باکان، کە زەر لەپشتر و گرنگترن لە دەستکەوتی کورت-مەودای هاوشێوە)، بەو پێیەی خاکی (باشووری کوردستان) داخراوە بە دەست گەیشتن بە بازاڕی نەودەوڵەتی. بە پێچەوانەوە، (کورستانی باکوور) ئاو سەرچاوە ستراتیجییانەی نییە، جگە لە ڕووباری (دیجلە) و (فورات). هەر سەرچاوەیکی سرووشتیشی هەبێت، دووبارە لەبەر بەهێزیی دەوڵەتی (تورکیا) ناتوانێت هیچ مامەیەکیان پێوە بکات. تەنانەت ئاگەر بتوانێت ئاو سەرچاوانەیش کەنتەکە بکات، پێویستی دەوڵەتانی وەکو (عێراق)، (ئێران) و (سوریا) دەبێت بە دەست گەیشتن بە بازاڕە

نەودەوەتییەکان.

بە خستنەڕووی ئەو سێ هەلومەرجە بنەڕەتییە (بەڵام نەک تەنها)، دەبینین، کە پشکۆتنی پرسی سیاسی و کەلتووریی کورد لە باشوور ئاکامی بە تەنیا مژوو و بڕەوپێستیی سیاسی و سەربازییەکانی کورد نییە، بەڵکو هەلومەرجی ناوخۆ و نێودەوەتی وەها کیانێکی لەسەر قاچەکانی خۆی هەشتووەتەوە. ئەمە بینیمان، کە پێژەی تەفراندەمی سەربەخۆیی ساڵی 2017 بە ئاسانی شکستی هێنا، چونکە هەلومەرجەکان بە ئاشکرا بە وەها بازدانێک گونجاو نەبوون. لە ڕووی بوونیادگەریی کۆمەڵایەتییەوە، هەموو لایەنەکان دەتوانن بەچوونی جیاوازی خۆیان دەربڕن و لەمە و بیانوو بخەنە پاڵ یەکتر لە وەها شکستێکدا، بەڵام ڕاستەقینەیی ڕەخنەیی فەرمان دەکات، کە ئەو کێشەیە تەنیا لە چوارچێوەی هێشە سنووردار و بچووکی خەمان نەبینین، بەڵکو سەیری هەلومەرج، میکانزم و بونیادەکانی وەها شکستێک بخەینە بەر ڕۆشنایی باس. سەربەخۆیی لە تەفراندەمەکەوە دەست پێ ناکات.
لە ڕاستیدا، تەفراندەم یەکێکە لە دواین هەنگاوەکان. بە زانینی خواستی نەتەوەیەک، سەرکێشی سیاسی لەسەر خەرجی لەدەستدانی بەرژەوەندییە گەورەکان هەبژاردەیەکی هێژارە، چونکە بە تەنیا سەیری پاڵنەرە سیاسییەکانی ئەو نەتەوەیە بکەین بەس بە ئەوەی بزانین ئامانجی نموونەیی ئەو نەتەوەیە لە ئاستە نموونەییەکەیدا چییە. بەگومان ئەوە بە واتای ئەو نایەت، کە تەنیا هەلومەرجەکان بڕیار هەیە، بەڵکو بە ئەوەی هەلومەرجەکان بقەزرێنەوە، بونیاد و میکانیزمەکان دەبەت ئامادەیان هەبەت.
ئەگەر هەموو جیهان بیەوێت کێشەی کورد چارەسەر بکات بە دابینکردنی هەلومەرجی گونجاو، ئەگەر بونیاد و میکانیزمە ناوخۆییەکان ئامادەییان نەبەت، یان ڕووخێنەر بن، وەک میکانیزمی خۆ-خۆری لەناو بزوتنەوە سیاسییە کوردییەکان، ئەوا ئەستەمە هەلومەرجەکان بە تەنیا هیچ ڕێکیان هەبەت. بە پچەوانەشەوە، بوونی میکانیزمەکان، بە نموونە، لە (کوردستان)ی باکوور، ژێرباری هەلومەرجی سەخت، کێشەی کوردی بە زیندووی هێشتووەتەوە. بەیە تێگەیشتنی زانستیی فەلسەفی یارمەتی ئەومان دەدات میکانیزم و بونیادەکان قووڵتر بناسین تا ئەوەی خەمان لە بازنەی دژایەتی و بڕەوپێستکاری، لەگەڵ حوکمی هێشە کەمتواناکان، زیندان و سەرگەردان بکەین. بەیە لەو ڕوانگەیەوە، قوتابخانەی ڕاستەقینەیی ڕەخنەیی دەروازەی گەورەی تێگەیشتمان لە کێشەکانی گەی ڕاستەقینە بە دەکاتەوە و لە جیاتی حوکمی کەمتوانای هێشە بەرتەسکەکان، ناچارمان دەکات ئاسەی تێگەیشتن و بیرکردنەومان لە بەرانبەر ڕووداو و پشهاتەکان

بەرفراوان بکات و لە ئاست ئاستەقینەدا خاوەن گوتاری جیاوازی بین تا گوتاری شۆڕشگێڕ و سەرگەرمیی هەشکی، کە لە ئاستیدا لە ئاست ئاستەقینەدا هەژار و کەمتوانان.
بەڵام لە دەروەی ئەو جۆرە نموونە پراکتیکییانەدا، کە تێنیا بە دابینکردنی زیاتری تواناى ووڵنکردنەوەیی ئەو قوتابخانەیە، هەزی ئاستەقینە هەمیشە باڵاترە لە هەزی تێگەیشتنی مرۆڤ بەو پێیەی ئاستەقینە مانیفێستی خستنەگەڕ شاراوەکانی بوونە، کە خشکەکانە لە دەروەی بریکاری هەشکی لە کردار و ناکردارەکانی خەی بەردەوامە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو جۆرە پێپێبردنە گوتاری ئازادبوونی مرۆڤ لە ئاست زیندانە هەشکییەکانی خەی بەرز دەکاتەوە و وا دەکات بەرەو ئاسۆیەکی کراوەتر تیشکەکانی بیرکردنەوەی خەی ئاستە بکات بە دەزینەوەی ئاقاری باڵاتری بوون بە تێگەیشتن.

سەران ئازاد

---

1 (Heidegger, 1998, p.240)
2 هەمان سەرچاوەی پێشوو یان (ibid)
3 (Kant, 2010, p.28)
4 Ibid: p,43
5 Ibid
6 Ibid: p, 53
7 Ibid: p, 53-4
8 Ibid: p, 74-5
9 Ibid: p, 80
10 Ibid
11 (هایدیگەر، 2013، ل. 47)
12 (Bhaskar, 2008, p. 56)
13 (Bhaskar, 2008, p. 51)
Ibid: p, 14
15 Ibid: p, 25
16 Ibid: p, 36
17 Ibid: p, 37
18 Ibid: p, 17
19 (Weber, 1978, p. 54) & (Kaspersen & Strandsbjerg, 2017, p. 6).

سەرچاوەکان بە پەراوێز بەکارهاتووەکان:

Bhaskar, R. (2008). A realist theory of science (Radical thinkers 29). London: Verso.

Heidegger, M. (1998). Letter on Humanism (F. A. Capuzzi, Trans.). United States of America: University of Cambridge. http://timothyquigley.net/cont/heidegger-loh.pdf

هایدیگەر، م. (2013). بوون و کات (وەرگێڕانی د. محەمەد کەمال). سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم.

Kant, M. (2010). The Critique of Pure Reason (J. M. Meiklejohn, Trans.). The Electronic Classics Series. http://www.metaphysicspirit.com/books/The%20Critique%20of%20Pure%20Reason.pdf

Kaspersen, Lars Bo, & Strandsbjerg, Jeppe. (2017). Does war make states? Investigations of Charles Tilly’s historical sociology. Cambridge: Cambridge University Press.

Weber, Max. (1978[1922]). Economy and Society: An outline of interpretive sociology. Vol. 1. (Roth, Guenther, & Wittich, Claus. Trans.). Berkeley: University of California Press.

سەرچاوەکانی تر:

Archer, M., Bhaskar, R., Collier, A., Lawson, T., & Norrie, A. (Eds.). (1998). Critical realism : Essential readings. Retrieved from https://ebookcentral-proquest-com.esc-web.lib.cbs.dk:8443

Bhaskar, R. (2000). From East to West: Odyssey of a soul (Critical realism: interventions). London: Routledge.

Clark, Alex. (2015). Critical realism and realist evaluation: An overview for everyone [Video]. Retrieved April 27, 2020, from https://www.youtube.com/watch?v=8Y3oVV5KxeU



تێگەی دەستەات و "دەوزمەی دەستەات" لە تەوانینی مژووناسی ئەمان "گەرهارد ێیتەر"دا 1.. مەحمود چاوەش

کاتێک باس لە تێگەی دەستەات دەکەین، گەلێک پرسە و ووداوی مژوو لەبەر دەمماندا زیندوو دەبنەوە، ئاخر بوونی دەستەات دووجمکەییە، کە تەواو دژجەمسەر و ناکۆکی لەخۆگرن، ئەم دوو جمکە لە هەموو سەردەمکانی مژودا بەرانبەریەک وەستاونەتەوە، دووانەیەکی پێدەکرس، کە تاکو ئەم ڕۆژگارەش لە ئاستی سیاسەتی جیهاندا سەقامگیرە. لەحاەیبوونی ئەم تێگەیەش بەستراوە بەو ناکۆکیە دووفاقیلەخۆگرەوە کە لە هەناویدا جێگیرە. دەستەات تواناکانی گرووپێک، کە دەتوانن کاریگەری لەسەر هزر و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگەیەک بنوێنن، ئەوە بە چەشنێک کە ئیدی تاکەکانی کۆمەڵگە

هەوانگە و داخوازییەکانی خەیان بە داخوازییەکانی ئەوان (دەستاتداران) بگونجێنن. کاتێک باس لە واژەی دەستات دەکرێت، هەمیشە بیرو ئەندێشەمان بۆلای پێکهاتەی دەوڵەت، مانەپەلکردنی دەستات لەلایەن گروپێک یان دەوڵەتێک، وێرانکاری، کوشتار و جەنگەکان، تێڕوانینەوە، بەکارهێنانی زەبورزەنگ، بڕاندن و گۆڵەک پێکهاتەی تردا هادەکشرێت. واژەی دەستات پێ کەشو دژجەمسەرێ، دووفاقییە و هەندجار چەندوویەکی لە خۆگرتووە. گەرهارد ڤیتەر بەشێکی ئەم دووفاقییەتیەی دەستات بە "دەوزەمی دەستات" ناوزەد دەکات. دەوزەمیەتیەکەی لەوەدا نیە، کە تەواوی لایەنە باشەکانی دەستات بە نەگەتیڤ بنرخێندرێت، بەڵکو گرفتی ئەم دووفاقتییە لەوەدایە کە فرەمانا، نادیار و تەواو ترسنۆرە. ئەم خەسڵەتانە هەمویان لە ناوەڕۆکی دەستاتدا بوونیادیان هەیە. دەستات بەواتای مافتونی و خولیای خواستەک، کە گۆڕ نەبێت، ئەوسا ناکرێت هەڕەکی گۆڕە ڕەکبخرێت یان ئەنجام بدرێت، هەمانکات ترسناکئامێز و هەزگڵەکی وێرانکار (کاولکار) لەخۆدەگرێت.2

گەرهارد ڤیتەر ئەم دووفاقتییە بەم شێوەیە باس دەکات. دەستاتداران لە پێکهاتەکانی بوونی دەوڵەتدا بەرانبەر دوو ستوون دەوەستنەوە، کە تەواو دژجەمسەرن، لەکاتێکدا جەمسەرەکیان دەخوازێت دەستاتەکەی مافلەخۆگر، دادپەروەر، دابینکەری یاسا و ئاسایش، بەردەوامی لە نیزامدا سەقامگیربکات، جەمسەرەکەی تریان پێویستی بە وزەی جەنگاوەرانە هەیە، بە تووندوتیژی، ئەوجا گەر سەرکەوتوانە دەستاتەکەی بەئەنجامبگەیەنێت، پێویستی بە پێلهاویشتن و بروزەسەندن هەیە. ئەم دووجەمسەرە بە دوو ستوونی لەکدانەبەاو دەنرخێندرێت. ڤیتەر ئەم خەسڵەتە بە دەوزەمی دەستات دادەنێت، چونکە لە مناقەدانی دەستاتدا دوو کەرپە هەن، بە دوو مەرکی لەکترجیا و بەرانبەریەک. ڤیتەر ئەم خەسڵەتە درنجئاسایی دەستات لە مەژووی مرۆڤایەتیدا بە مەرجی ئەوە دەستنیشان ناکات، کە دەستات هەر بە مانای بەدخواز/شەڕخواز بێت، یان درنجەکی ناو تاریکستان بێت و بەرانبەر ڕەشنایی وەستابێتەوە، بەڵکو دووفاقە و فرەمانالەخۆگرە، نادیار و ئۆپەڕای ترسناکە، کە مەرج نیە ڕوو لە دامەزراوەیەکی دەستاتداریتی بکات. درنج بۆ مانایە دێت، کە ئەو هزر و خولیای مرۆڤکان دەتەنێتەوە، ڕەنگە هاوکات هەڕەکی ترسناک و وێرانکەر لەخۆبگرێت.3

بەدەستهێنانی دەستاتی سیاسی هەمیشە بەندبووە بە وێرانکاری و شەواندنی مەاڵی مرۆڤایەتییەوە، ئاخر زۆر جار ئارەزوو بە دەستبەسەراگرتنی دەستاتی سیاسی هەر بە خەبەخشانە و لە پێناوی ئایدیای مرۆڤدا نەبووە، گەر دەستاتێک سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت،

زۆرترین پەداویستی بۆ خۆیستیەوە هەبووە و پێکەوەگرێدراو بوون. لە تیۆریکی ێیتردا ئەم بۆ دۆزەمی دەسەڵات پێناسە دەکرێت. ێیتر باس لە ماکیاڤیلی4 و تیۆری ماکیاڤیلیزم دەکات و بۆ نموونەی ستوونی شەڵانخوازانی دادەنێت. هاوکات ێیتر دەڵێت ماکیاڤیلی هەر زۆر پێشوەخت دەرکی بە دۆزەمی دەسەڵات کردووە و دۆزینەوەی نوێی بۆرامبەر تیۆریکانی سەدەی ناوەڕاست دەربارەی دەسەڵات خوێقاندووە، ئاخر تاکو سەردەمی ئێنتیکەش دەرک بەو دووفاقییەی دەسەڵاتی نەکرابوو. تەنانەت یۆنانی کۆنیش دەسەڵاتیان بە شێوەیکی نێگەتیڤ نەدەنرخاند. (ەڵێنگێ تیۆریێ هومانیستەکانی "پلاتۆن" دەربارەی دەسەڵات و دۆڵەت جیاوازییەکی بنەڕەتی لێگەڵ تیۆریکانی یۆنانی کۆندا هەبێت، کە لە چوارچێوەی ئەم نووسینە دەردەچێت).

لە ڕاستیدا دووستونێتی، کە پێکهاتەی دووفاقیەتیی دەسەڵاتە، ترسناکەتی لە ناوەڕۆکی ئەم واژەیدا پێکدەهێنێت و ئەم تێگەیشە بەرەو کۆمپلێکسێکی (گرێیەکی) مۆژوویمان دەبات. دۆڵەت، کە خاوەنی دەسەڵاتە، دەبێت لە ستونەکانێ پارێزەری یاسا و مافی تاکەکانی کۆمەڵگێ دابینبکات، وەک مافی دینداری، پارێزەری سوونەتگەرایی کۆلتور، دابینکردنی ئابووری و بژێوی و هاوئاهەنگی هاووڵاتیانی بێت، بەڵام ستوونی دووەمی دەسەڵات، کە ێیتر بە دۆزەمی دەسەڵاتی ناوزەد دەکات، مەهیش ماسکی نۆچاوانی تووڕاوە و لە بری ئەقڵانیەت/ئاوەزمەندی شەڵانگیز و بزەبروزەنگ بووە و بە ئاڵاستەی شەڵخوازیدا پێلی هاویشتووە. دۆڵەت گەر لە ناوەڕۆکدا پارێزەری بەها کۆمەڵایەتی و سوونەتگەرایی و یاسا و ماف بێت، دەبێت لە پەروەردەی هاووڵاتیاندا مافکانی مرۆڤ و دادپەروەری بە تاکەکانی کۆمەڵگەکەی دابینبکات.
کاتێک ێیتر باس لە دۆزەمی دەسەڵات دەکات، بەتایبەتی ڕەخنە لە دەڤەری ئەورووپا و ئەورووپییەکان دەگرێت، بە بەرزترین ئاستی خۆپەرستی و کیشوەرپەرستی دەیانچوێنێت. "مرۆڤایەتی ئەوروپا لە هەموو سات و سەردەمکاندا خولیا و مەفتونی دەسەڵات بووە، کە ئەویش بەشێک بووە لەو هەشداریە ترسنهێنەرلەخۆگر و دووفاقئاساو چەتوونیەی دەسەڵات "5
ێیتر لەو باوەڕدایە، کە ئەوەی دۆڵەت لە بارودۆخی ئاسایيدا دەیکات، تونددوتیژی نیە، بەڵکو مرۆڤ خۆی وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی خۆشهاوێی (ئاسانکاری) بە ئەو پەروەردەیە دەکات، بە ئەوەی مەبەستکانی بەشێوەیکی کۆلێکتیڤ بەئێنجام بگەیەنێت. ێیتر وەی چارەسەرکە بە ئەو "دۆزەمە سیاسییە" کە لە تەواوی هەشداری مرۆڤی ئەورووپیدا کۆنەی کردووە. ئەو دەڵێت: ئەمە پێویستیمان بە

تیۆریێکی دەسەڵات، کە لە بڕانبەرییەکی ناکۆکدا بە هێوی بنەڕەتە سەرکییەکانی هزری میکاڤیلیزم، ئەڤاسیزم (ئەڤاسمی نەتەردام، هومانستی سەدەکانی ناوەڕاست) و کیشوەرگیری و دوورگەگەریدا بوونەتەوە و لێیان تێپەڕیوە. بە ئەم مەبەستەش دەبێت هەردوو ستونەکەی دەسەڵات (یان دەسەڵاتی سیاسی) بشوبهێنرێت بە تەریب و هاوماف هاوسەنگ (بالانس) بدەین، واتە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە درێژەپێدانی سیستەمێکی نیزاملەخۆگر و مافپارێزراو، هاوکات پێداویستەکانی دەوڵەت لە گۆشەی خۆیدا بە هێنانەدی "وزەی جەنگاوەرانەی لە دیسپلینکردنی هێزەکاندا" پەرەپێبدات و لە بەرچاوبگیرێت، ئاخر بەبێ بوونی ئەم فاکتەرانە دەوڵەت ناتوانێت خۆی لە بوارەکانی دەستێوەردانی (ئاوتەریتی) فەرمیدا بسەلمێنێت. ئیتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە مرۆڤایەتی نابێت بێبار بە ستونێکی ئەم دووفاقییە وەک ئێتەرناتیڤێک بدات، بەڵکو لەو هوانگەی چاودێریی مژووییەوە تێبەوانین، کە دەسەڵات تەنیا بە هاوەڵنێی و دادپەروەرانە جڤگیر (سەقامگیر) ناکرێت، چونکە هاوتا تەنگژەی نیزامی/سیستەمی جیهانێک لەئارادایە، کە ئیدی دەوزمەی دەسەڵات پرنسیپەکانی مافەڵ و هاوکات لاوازکردنی سوونەتگرایی چاکخوازی پشکڵ دەکات و مرۆڤایەتی دەهاوێتە تەنگژەیەکی تروە. هونەری بەڕێوەبردنی دەسەڵات ئەم هاوسەنگییەیە، کە ئیتەر وەک مژووناسێکی هەشدار بە زەنگێکی بەرز ئاماژەی گەلانی ئەوروپا و جیهانی دەکات. ئەو زەر بە سەلیقەت (بەووردی) لە کاولکارییەکانی جەنگە جیهانییەکانی ڕوانیوە، ڕەخنەگر و دژبەری سەرسەختی ژەمە دیکتاتۆرییەکانی وەک ژەمی هیتلەر بووە. ئەو هەشداری دەداتە فەرمانبەرانی دەسەڵاتی جیهان لەمەر ئەم کێشەیە.

ئیتەر لە شیکاری ستوونی یەکەمدا (دادپەروەری لە دەسەڵات و سیستەمدا Ordnung) ناوی هێندێک لە هومانیستەکانی سەردەمی ڕێنیسانس لە ئەوروپادا دەهێنێت وەک (تەماس مۆرس) 6. ئایدیای مۆرس لە دوورگەیەکی بەختەوەر و پێئاشتیانەدا بە ناوی ئوتۆپیا دەنیشتەوە. لەم ستونەدا ئیتەر باس لە سەرچاوەیەکی مژووییی دی دەکات، واتا ئەڤاسمەس (ئەڤاسمەسی نەترادام)، کە یەکێکە لە هومانیستەکانی تری سەردەمی ڕێنیسانس. ئەم دوو کەسایەتیە مژووییە بە سەردەمکێیان ئارامتر، هومانتر و مرۆڤدۆستانەتر لە فاکتەرکانی دەسەڵاتیان ڕوانیوە. لە ستوونی دووەمدا تاوانبارانی جەنگکانی جیهانی وەک ژەمەکەی هیتلەر وەک دەوزمەیەکی دەسەڵات بە نموونە دەنێتەوە. ئەمش ئیتەر بەرەو بیر لە چارەسەرێک بە ئەم دووفاقییەی دەسەڵات ڕادەکێشێت، کە بە ئەرکەکی مژووییی، فەلسەفی

و هاوکات بە ئەرکی زانستی پێکهاتەی دەوڵەت/دەوڵەتناسیی (Staatswissenschaft) دەزانێت، کە هەوڵی سەقامگیرکردنی سیستەمێکی سیاسی لە ناوچەکدا بە هاوڵاتیان گونجاو، ئەخلاقمەند بسەلمێنێت. دەسەڵاتێکی دەوڵەتی ناتوانێت بروز/شکۆفە بە دەسەڵاتێکی بدات و لەسەریشی بەردەوامبێت، گەر باوەڕی مرۆڤایەتی بەلای مافی هەبوونی خۆی نەهێنێ، ئاخر دەسەڵات ناتوانێت بە شێوەیەکی هاوکێشی بەردەوام متمانەی هاوڵاتیانی بەدەستبهێنێت. ئەوەی چەند کەسانێک لە مژووناسان بە ئەرکی خۆیانی دەزانن دەتوانن کاری تێدابکەن ئەوەیە، کە هەوڵێکی سانا بدەن بە تێدا قووبوونەوە و بەردەوامیدان و بەرەو کەتاییبردنی هزرین لە تراديسیۆنی مژووییی، ئەمانەش دەبنە سەرچاوەیەک بە لێکچواندنی تیۆرییە سیاسییەکان بە ڕیالیتیی. ڕیتەر مژووناسان هەوبەووی ویژدانی خۆیان بەرانبەر مژوو دەکاتەوە. ئەو مژووی بەرانبەری و ناکۆکیەکانی بە نەخشێک دەچوێنێت، کە چارەسەرکردنی بە دیدی ئەو پەسەیەکی مژووییی و هاوکات ئەرکی مژوونووسانە. ئاخر گرفتەکانی دەسەڵات لە کەتاییدا چەواشەدارە و پشتگیری ئەو ئامانجانە ناکات 7.

ئەو پێیوایە، کە هیچ پێکهاتەیەکی سیاسی ناتوانێت بەوونی خۆی بسەلمێنێت، گەر بەها مرۆڤی و سوونەتگرایییەکان بەلاوە نانێت 8. ئەو کەسەی ئەودای ئاشتی، یاسا و داخوازی سیستەمێکی نیزامیە، گەرەکە لە پێش هەموو چشتێکدا پێکدادان و کێشەکانی ئەم سەر زەوییە بەلاوەبنێت. ئەو کەسەی بە زەبری چەک بە دەسەڵات بەرەنگار دەبێتەوە، بەباک و کاولکار و لەناوبەرە 9. هەر لەم ڕوانگەیەوە ڕیتەر پێیوایە، کە دەسەڵاتێکی نیزامی مافپەروەر ناتوانێت پێنتێکی هاوبەش (کەلێکتیف) لەنێوان مرۆڤکاندا سەقامگیر بکات، گەر شەخسوازی و هەرشکاری بەلاوە نانێت و مەاڵیەتیی هاووڵاتیبوون سەرپشک نەکات. هەر ئەمشە ئاراملەبە و هەژندەرە، هاوکات فریودەر و جەوهەری پێشەزی و نهێنیلەخۆگرەکانی سیاستمان بە ڕوونکاتەوە، لە ئەو دەسەڵاتەی لە سیاستدا جێگیرە، دوو-واتا لەخۆگر و ناڕاستەوخۆیە. لەم ڕوانگەیەوە ناکرێت مرجەکانی سەقامگیرکردنی سیاسەت بە ستوونە جەنگاوەرییەکەی دەسەڵاتەوە ببەستین، بەڵکو ئەرکی دەوڵەتە، وەک پێکهاتەیەکی دەسەڵاتدار، داخوازیی و دەربڕینە بنچینەییی و بونیەکانی هاووڵاتیانی بهێنێتەدی، زەرترین توانا و خۆئامادەبوون دەربەڕێت. بەلای ڕیتەرەوە زەر گرنگە هاوسەنگی ئەو دوو ستونە بپارێزرێت، دەسەڵات هەبوون و خواستی خۆی بەرانبەر پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی تر دەربڕێت و بوونی خۆی بسەلمێنێت. تاکو هەردوو ستوونی دەسەڵات

هاوسەنگتر بێت، کەمتر پێویستی بە بەرەنگاربوونەوەی جەنگاوەرانە دەبێت، دەتوانرێت ئەمە بە "هاوسەنگی لەسەر دووستوونی دەسەڵات" ناوزەد بکەین. ئەرکەکانی دەوڵەت، کە لە هەشیاری خەیدا کلتورەکی مرۆڤدۆستانە دابینبکات، زۆبەر نەبێتە مێتەدەک بۆ سیستەمی-بەکارهێنان لە دەسەڵاتدا، پێچەوانەی ئەمش ێیتر ناوی دەنێت "زۆبرەک، کە دەکخراوی پێئاسایشی کۆمەڵایەتی مسۆگەربکات"10. ئەم پراکتیکە هەر لە ناوەخنی فەلسەفەی دەوڵەت لە ئەنتیکەی کەندا لەبەرچاو ناگیرێت، بەڵکو بەشکە لە دەگەما (Erbgut) هەشداریەکانی مرۆڤایەتی. تەنانەت پلاتۆنیش خوازیاری دەوڵەتکی بەرگریلەخۆگر بووە، بە مەرجی ئەوەی دەسەڵاتدارانی لە فیلەسوفەکان پێکهاتبێت.

کتێبی "دەوزەمی دەسەڵات" لە ساڵی 1940دا لایەن گەرهارد ێیتەرەوە بەناوی "دەوڵەتی دەسەڵات و ئوتۆپیا"وە (Machtstaat und Utopie) وەک پێشنووسێک و لە پاشاندا بەم ناوەی ئێستایەوە لە ساڵی 1947 دا جارێکیتر لەچاپدراوەتەوە. ئوتۆپی لەردا وەکو خواستێکی وەنەئاسا بە پاشەڕۆژێک، کە هاوکات پێفەنتازیا و فەرمێکە لە ژیانی بەختەوەری. ئەم بەرهەمە دەخنەیەکی پێشبینا و ئاماز بووە لە هزری تیەری دەوڵەتی ڕۆمی ناسیونال-سۆسیالستی هەتلەر. ێیتەر تیەری دامەزراوەی دەوڵەت لە نێوان ماکیاڤیلی و تەماس مەرسدا دەنێتە سەر هاوکێشەی مۆزوو، دوو تیەری و دوو سیستەمی بیرکردنەوە، کە وەک دوو پەدەکسی مۆزوویی بەرانبەر یەکتر وەستاونەتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە ێیتەر تیەریەکەی خۆی دادەڕێتەوە و لە فەرمێکی زانستی مۆزوویدا پێوەندیەکانی نێوان دەسەڵات و مەڵا دەستنیشاندەکات، بە ئاماژەی ئەو ستوونە شەخوازانەی دەسەڵات، کە ئەو ناویان دەنێت ستوونەکانی ماکیاڤیلی و کیشوەری و دوورگەگرایی.

گەر بە ووردی سەرنجێکی تیەریەکانی ێیتەر دەربارەی دەسەڵات بدەین، باشتر لەوە تێدەگەین، کە دەسەڵاتە سیاسیەکانی جیهانی ئەمڕۆش پتر خولیای ستونی یەکەمی دەسەڵاتیان هەیە و بەردەوام لەچکەی تیەریەکانی ماکاڤیلیزم و بەمەرالەتی (نامەرالەتی) لە دەسەڵاتی سیاسیدا گرتەبەر. لە کوردستانی ئەمڕۆشدا شەشگەکانی دوێنێ و دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆش بەبەر نین لەم بەمەالەتییە لە دەسەڵاتدا، واتە ستونێکی شەخواز، داووتاو لە ماف و پێ لە بەدادی کۆمەڵایەتی، داووتانی ئابووری، هەژاری و بەدرامەتی. ستونێک دەوزەمتر لە درنجکانی مۆزوو. ێیتەر گەلێک پێشتر لەو ڕاستییە گەیشتبوو، کە مەخابن ستوونی یەکەمی دەسەڵات هەمیشە

باڵادەست و خولیاکانی مرۆڤ لە هەناوی دەسەڵاتدا هەموو سنورەکانی مەڵا و مرۆڤدۆستانیان تێپەڕاندووە. دیارە جیناتی مرۆڤ هەمیشە ئەو خولیایەی لە هزرو مەمەری/یادەوەرکانی خانەی مێشکیدا پاراستووە.

مەحمود چاوش



.....

1. گەرهارد گیەرگ ێیتەر لە 06.04.1888 دا لە زادن لە ئەڵمانیا لەدایک بووە، لە 01.07.1967 دا لە فرایبەرگ کۆچیدوایی کردووە. لەکەکە لە مێژوونووس و مێژووناسە ناخنەگرەکانی ئەڵمانیا. لە ساڵی 1925 بە 1956 مامۆستای زانکۆ بووە لە زانکۆی ئەلبەرت لودڤیک لە شاری فرایبەرگ. کاریگەرێکی گەلێک زۆری هەبووە لەسەر زانستەکانی مێژووی ئەڵمانیای دوای جەنگی جیهانی (مەبەست هەردوو جەنگی جیهانیە). لە جەنگی جیهانی یەکەمدا وەک ئەفسەرێک کاری کردووە و بەختی بریندارکراوە. لەپاش بوونی بەمامۆستای زانکۆ لە 12.10.1948 دا یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی دامەزراوەی مێژوونووسانی ئەڵمانیا.
2. Gerhard Ritter: Die Dämonie der Macht. Beitrag über Geschichte und Wesen des Machtproblems im politischen Denken, Heinrich F.C. Hansmann Verlag Stuttgart, 1947, S.19
3. هەمان سەرچاوە لاپەڕە 20، گەرهارد ێیتەر، دەوزەی دەسەڵات: تەوانین بە مێژوو و چییەتی گرفتەکانی دەسەڵات لە هزری

سیاسی سەردەمی نوێدا.

4. نیکۆل دی بەرناردۆ دای ماکیاڤیلی لە 03.05.1469 دا لە فلۆرێنس/ئیتاڵیا لەدایکبووە و لە 21.06.1527 دا هەر لەوێ کۆچی دووایی کردووە. فەیلەسوف و سیاسی و دیپلۆمات و نووسەر و شاعیر بوو. ناوبانگی ماکیاڤیلی بە نووسینی کتێبی "میر" بووە، کە یەکێکە لە بایەخدارترین و گرنگترین کتێبی فەلسەفەی دەوڵەت لە سەردەمی نوێدا. تێگەی ماکیاڤیلیزم زۆرجار بەکاردەهێنرێت لەبری هێرشوکوتەکی ناپەسەند، ئاخر تەزکانی ئەو لەمەر دەسەڵات و دەوڵەت دابەاون لە مەڵا و سوونەتگەرایی، لە ئەو دەسەڵات و ئاسودەیی دەسەڵاتداران بە دوامبەست دەنرخێنێت. لای ماکیاڤیلی سیاسەت و مەڵا لەیەکتر جیادەبنەوە و نابە پێکیانەوە ببەستین. هەر لەبەر ئەوەشە ناوی ماکیاڤیلی گەلەجار پەیوەند کراوە بە دەسەڵاتی سیاسی بەدرەبەست، کە هەموو جۆرە مێتۆدێک/ڕێگایەک بە ڕەوتاندنەوە و چەوساندنەوە بەکاردێنێت. ئەو هەر پێشەوخت لە کرۆکی دەسەڵاتی سیاسی تێگەیشتبوو، کە ململانێیەکە لە نێوان بەرژەوەندی (ئینتریس) و چینە کۆمەڵایەتیەکاندا. بە بۆای فەکە ڕانهارد ماکیاڤیلی یەکەم کەس بووە، کە بنچینە سەرکیەکانی دەوڵەت و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی دەرککردووە. بە خەسڵماندن و خاوەندەسەڵاتداری، کە تێیدا بنچینە سەرکیەکانی دەوڵەت دێتە ئەنجام، دەکرێت مەڵا ڕەوتگەرییەکان پشتگوێ بخرێت، واتە دەوڵەت یان سیاسەت لە مەڵا جیابکرێتەوە، گەرنا دەوڵەت سەرونگووم دەبێت. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 197.

5. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 197.

6. تۆماس مۆرس لە 07.02.1478 دا لە شاری لەندەن لەدایکبووە و هەر لەوێ لە 06.07.1535 سزای لەسێدارەدانی دراوە، کە ئەو کاتێ تەمەنی 57 ساڵ بووە. لە سەردەمی حوکمەانی هاینریشی هەشتدا فەرمانبەری دەوڵەت بووە و نووسەری هومانیستی سەردەمی ڕێنیسانس بووە. لە کۆنیسەدا بە کەسێکی نوورانی و موقەدەس ناوزەدکراوە. سەرنج و تێبینیکانی دژی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە توشی گەلەک گیروگرفتی کردووە. لە ساڵی 1516 دا کتێبی "یۆتۆپیی" نووسیوە. بەهۆی ناکۆکیکانی لەگەڵ فەرمانڕەوایی هانریشی هەشتدا، دادگای ئەو کاتە سزای لەسێدارەدانی ئەوی داوە.

7. گەرهارد ڕیتەر، دەوزەمی دەسەڵات: تێوانینێک لەمەڕ مێژوو و چیێتیی گرفتکانی دەسەڵات لە هزری سیاسی سەردەمی نوێدا،

لاپ□□ 198.
8. هـ□مان سـ□رچاو□، لاپ□□ 19.
9. هـ□مان سـ□رچاو□، لاپ□□ 198 بـ□دووا□.
10. هـ□مان سـ□رچاو□، لاپ□□ 201.

خو□نـــدنەوەکەی (جـــومعە کـــانی لـەلـەیـــی) بـ□ زبـــای ئ□رانـــی و سـەرنجـ□کی کـورت.. سـەدیق سـەعید □واندزی

بـ□گومان نووسین ، بـە تـایبـەتیش ئـەگـەر □ەخنـە و لـ□کـ□ینـەوەی ئـەدەبی بـ□ت لـە بـارەی دەقـ□ك، پـ□ویستی بـە پـاشخانـ□کی □□شنبیری گـەورە هـەیە. چونکە ئـەرکی نووسـەر لـ□رەدا، وـ□رای ئـەوەی □ەخنـەکردن و شـ□□ڤەکردنی ناوەـ□□کی دەقـەکـەیە، هـاوکات وردبـینـیشە. بـ□ ئـەوەی خـودی نووسـەرەکە خـ□ی نـەکـەوـ□تـە هـەـ□ـەوە. بـ□یـە بـ□وام وایـە، هـیـچ ژانـرـ□ك هـ□نـدەی لـ□کـ□لـینـەوە لـە دەقی ئـەدەبی، بـەرپـرسیـاریـەتی نـییـە. چونکە بچووکترین هـەـ□ـە و کـەمترین زانیـاریی، دەبـ□تـە هـ□ی بـە هـەـ□ـە تـ□گـەیـاندنی خـو□نـەر. ئـاسـایـیـە نـووسـەرـ□ك لـە نـووسینـ□کی خـ□یدا، چـەندین هـەـ□ـەی بـابـەتی و مـ□ژوویی و زمـانـەوانی بکات، بـەـ□ـام ئـەوە ئـاسـایی نـییـە، کـە ئـەوەی ئـەو هـەـ□ـانە بـ□ نـووسـەر □ـاست دەکـاتـەوە، خـ□ی بـکـەوـ□تـە هـەـ□ـەوە. هـەموو دەقـ□کی ئـەدەبی دەشـ□ زـ□رتر لـە خـو□نـدنـەوەیـەك هـەـ□بگرـ□ت و هـەموو خـو□نـدنـەوەیـەکیش جـیـاواز دەکـەوـ□تـەوە لـە یـەکتری. بـ□یـە ئـاسـایـە دنـیـابـینی خـو□نـەرـ□ك لـە بـارەی دەقـ□کـەوە، لـە دنـیـابـینی و خـو□نـدنـەوەی خـو□نـەرـ□کی تـر نـەچـ□ـت. بـەـ□ـام ئـەوەی لـ□ـرەدا گـرنگـە، چـ□نـیـەتـی خـو□نـدنـەوەی دەقـەکـەیـە کـە پـ□ویستی بـە وردبـوونـەوە و □ـامان هـەیـە، بـ□ ئـەوەی ئـەگـەر نـووسـەر لـە شـو□نـ□ك هـەـ□ـەیـەکی کـردبـ□ـت، خـو□نـەرو □ەخنـەگر دەسـت نـیشانی بکات. زـ□ر جـار لـە پـەراوـ□زی ئـەو هـەـ□ـانـەوە، خـو□نـەر خـ□ی دەکـەوـ□تـەوە هـەـ□ـە و بـە دیـدگـایـەکی هـەـ□ـە، لـە مـانـای دەق و وشـەکـان دەگـات. واتـا لـە بـری ئـەوەی هـەـ□ـەکـانی نـووسـەر □ـاست بکـاتـەوە، بـە پـ□چـەوانـەوە ئـەوەی ئـەو دەیـنـووسـ□ـت هـەـ□ـەیـە. لـەو □وانگـەیـەوە، کـاتـ□

وتاری (خوێندنەوەیەکی کورت بێ ڕەمانی زەربای ئەرانیم)خوێندەوە کە(جومعە کانی لەلەیی) نووسیویەتی و لە والی تایبەتی برای وەرگێ(شەفیقی حاجی خدر) و هەروەها (ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ)ش بۆی بۆتەوە، بە پێویستم زانی وەك خوێنەرێك کە ئەو ڕەمانەم بە وردی خوێندبێتەوە، چەند سەرنجێك بنووسم و بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاترو دەرخستنی ئەو هەڵانەش کە نووسەر تێی کەوتووە. بە تایبەتیش لە بارەی وەرگێان و زمان، کە وردەکاریەکی زۆری دەوێت. ئەوانیش:_

- نووسەر نووسیویەتی:(سەگە تێیەکان وشەیەکی نوێیە و داهێنانی وەرگێی ڕەمانەکەیە). بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەم وشەیە نە نوێیە نە داهێنان، بەکو زۆر باویشە، ئەگەر نووسەر گوێبیستی نەبووبێت ئەمە شتێکی تڕە. ئێستاش لە ڕواندزو دەروبەری و ناوچەی باڵەکایەتیش، سەگی تێی بەکار دێت بۆ سەگی بێ خاوەن. تەنانەت زۆر جار دەڵێن: (وەك سەگ تێی بووە و بە ماڵ ناکەوێتەوە).

*نووسەر نووسیویەتی:_ (دەلینگی شەواڵ لە دوو لینگ پێکهاتووە). بە پێچەوانەوە، دەلینگ بە شێکە لە شەرواڵ و شەرواڵ لە دوو لینگ پێکهاتووە، نەك ئەوەی دەلینگ لە دوو لینگ پێکهاتبێت وەك ئەوەی ئەو نووسیویەتی.

- نووسەر نووسیویەتی:_(داپیرە پیرەکە هەیە یەك پیر بەسە). مەرج نییە هەرکەسێك داپیرە بێت ئیدی زۆر پیر بێت. چونکە ئێستا بە هۆی هاوسەرگیریی لە تەمەنێکی بچووکەوە، داپیرە هەیە نەگەیشتێتە پەنجا ساڵیش، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ئەوەی وەرگێ نووسیویەتی دروستە و بابەتیتیرە. چونکە جەخت کردنەوەیە لە تەمەنی داپیرە، کە کەسێکی زۆر پیربووە.
- نووسەر نووسیویەتی:_(هەنگاو هاوێشتن لە بری قەدەم لێدان بنووسێت). قەدەم لێدانیش ئاسایی و هیچ لە مانای ێستەکە ناگۆێت.
- نووسەر نووسیویەتی:(خوێنەر دەزانێت مار چییە، بەڵام نازانێت مر چییە و ئەمە لە سەر وەزنی خانوو مانووە). مارو مر، دەستەواژەیەکە لە ناوچەکانی ئێمە بەکاردێت و ئاساییە. بە تایبەتیش کە وەرگێی ڕەمانەکە، خۆی کۆی باڵەکایەتییە و زمانزان و وەرگێکی وردوو بە توانا و بە ئاگاشە. هاوکات(مر) مانای هەیە، نەك وەك ئەوەی نووسەری وتارەکە بە بۆ مانا لەو وشەیە گەیشتووە. مر بە مانای(مەل) بۆ نموونە:(مر+یشك) واتا(مەلی وشکایی).(مراوی) واتا(مەلی

ئاوی).

- نووسەر نووسیویەتی:(لە هیچ شۆەزارێکی کوردیدا، زەوەند بێ نەوە بە کار نایەت). نازانم نووسەری وتارەکە، لە بارەی شۆەزاری ێواندزییان زانیاریی هەیە یان نا؟ چونکە لە ێواندز و دەوروبەری دەگوترێت:(عە شیرەتێکی زێرو زەوەندن، بنەماڵەیەکی زێرو زەوەندن).
- نووسەر نووسیویەتی:(وشەی بردە برد هەڵەیە و دەبوو پرتە پرت بایە). بەڵام بەکار هێنانی ئەم وشەیە، هیچ هەڵە نییە و بردە بردیش هەمان مانای هەیە. پرتە پرت، لە لای ئێمە هەر تەنها بە بڕَلە بڕێ نایەت، بەڵکو بەو چرایە کزە دەگوترێت، کە هی لامپاو فانۆسە و جارجارە دەجوولێتەوە و لە سەرو بەندی کوژانەوەی دایە و دەڵێین: (پرتە پرتیەتی).
- نووسەر نووسیویەتی:(پاشگری بوونی بێ ستەی، وەك نیشانەی باشبوونی خێی سەری لە قاند پێویست نەبوو). لێرەدا، ئەو پاشگرە وەك جەختکردنەوە لە زێرباشبوون بەکار هاتووە. چونکە(باشباشتر_باشترین) هەیە و هەر یەکەشیان ئاماژەن بێ دۆخێکی دیاریکراو، بۆیە هیچ هەڵە نییە لە ستەکەدا.
- نووسەر نووسیویەتی:_(وشەی دەنازی بە بێ هێ کراوەتە دەزانی) بەڵام ئەم وشەیە دەزانییە نەك دەنازی. چونکە لە ڕمانەکەدا هاتووە (ئەو ئافرەتێك بوو بەخێی شانازبوو، بە خێیشی دەزانی کە لە بنەماڵەیەکی خانەدانە) سەرنج لە ستەکە بدەن، وشەکە لە سیاقی ستەکەدا بەکارهاتووە و ماناش دەگەیەنێت.
- نووسەر نووسیویەتی:(لە لاپەڕە 236دا وشەی مەحکەمی بەکار هێناوە، کە نەگونجاوە لەگەڵ مانای ستەکە). بەڵام وایە، نووسەری وتارەکە ورد نەبووە لە خوێندنەوەی ستەکە. چونکە ستەکە دەڵێت:(ئاخر لە نێو دیوارە مەحکەم و درێژەکانیدا هەمیشە هەستم بەوە دەکرد پارێزراوترم). مەحکەم لەم ستەیەدا زێر گونجاوە. چونکە بە مانای دیواری پتەو دێت. نووسەر واتێگەیشتووە، لە ستەکەدا بە مانای ترس دێت. لاپەڕەکەش235 نەك 236 وەك ئەوەی ئەو نووسیویەتی.
- نووسەر نووسیویەتی:_(وشەی ئەکرەم لە زمانی کوردی بێ ژن بەکار نایەت بۆیە دەبوو بیکوردێنی). کارەکتەرەکە ئەکرەمە جونە، نەك ئەکرەم بە تەنیا، ئەگەر تەنیا ئەکرەم بوایە، ێهنگە وابوایە.
- نووسەرنووسیویەتی:_(مەبادا هەڵەیە و دەبوو بنووسێت نەبادا). بەڵام زێرجاریش مەبادا بەکاردێت.

- نووسەرنووسیویەتی:(لاپەڕە 258 مەحکەمی بۆ دڵستایەتی بەکار هێناوە). ئەمەشیان هیچ هەڵەیەکی تێدانییە. چونکە لە ڕستەکەدا هاتووە:(من ڕایەڵەی دڵستایەتییەکی مەحکەمم ڕاچاندبوو) واتا نە وشەکە و نە ڕستەکەش، ناڕوونییەکییان نییە لە گەیاندنی واتادا.

دواجار دەڵێم، گرنگە نووسەران لە بەراوردکردنی دەقێکی وەرگێڕدراودا، کۆپی دەقەکەشیان لابێت ئەو کات سەرنج و تێبینی بنووسن. نووسەری وتارەکە خۆی دەڵێت دەقە ئەسڵیەکەی نەبینیوە، ئیدی نازانم چۆن لە خۆیەوە ماناو ناوەڕۆك دەداتە پاڵ وشە و واتاکان.

سەدیق سەعید ڕواندزی
ڕواندز
تشرینی دووەمی 2020

ئارسەر رامبۆی شێشگۆ.. سەران محەمەد

‘ ساتی لێناوچوونم بانگم لێ جێللادەکان کرد.. و داوام لێ بڕا کرد هەناسەکانم بۆ خۆ و خوێن داپۆشێ’
وەرزێك لێ دژێ/ ئارسەر رامبۆ

.....

- **ئارسەر رامبۆ: خاوەنی ڕووخساری جیاواز، بڕەنگاری شیکاریی دەکات:**

جگە لەوەی رامبۆ وەك شاعیرێکی پێشڕەنگ ناسراوە، بەڵام جارانێك ژیانی بە نەیزەك و جارانێك بە ئەستێرە ناوزەد دەکرێت ، چونکە ئەو هەمیشە لە گەڕانی بەردەوامدا بوو لە نێوان ڕەڕە جیاوازەکاندا، ئەو لە تەمەنی چواردە ساڵیدا فەرهەنگی زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و ڕوسی دەخوێندەوە و زۆربەی کتێبەکانی بەردەستی ئەو کاتی خوێندبوونەوە، لە لایەکەوە هەکاری بەماوەیی و لە لایەکی تریشەوە دایکێکی شێلگیرو تووڕە زیاتر ئاگری ناخی ڕامبۆیان بڕەو یاخیبوون جێش دا،

ئەو دواجار کە باوکی خەی تیا بینی تەمەنی ٦ ساڵان بوو و ئیتر نەیبینیەوە، کە باوکیشی لەدەست دایکی سەری خەی هەڵگرت و ئەستاشی لەگەڵدا بەت هیچ سەراخکی نەبووە… ئەو هەرزەکارکی خاوەن هیمەت و سەرشەت بوو، هەڵهاتوو لە ماڵکی پە ئاشوب، گەیدەیکی بە نەوا، جەنگاورکی فەلسەفی لە پەناوی ئازادیدا و جادوگەرکی مەعریفی و کەشتیوانکی ناوخوازراو، و دەزگەرەویکی حەبەشی و بەڵوبەری سەرك و پاشان زاهیدکی عاریف کە ناوی خەی نابوو (عەبد ڕەبە).. تا ئیتنەگرافکی ئەفریقی و سەرمایەدارکی موجازەفکارو پاشان بازرگانی چەك و وەنەگرکی ئارەزوومەندو دواتریش هەڵهاتوو لە پەلیس و خزمەتی سەربازیی.

لەم ساڵانەی دواییدا وەنەیکی ناوازەی رامبۆ دەزرایەوە کە وەنەگر (برونو براکیهیس)(١) چرکاندبووی، و زەرەك لە ئەمە تا ئێستا پەی ئاشنا نەبووین، لەو وەنەیەدا وەك دیارە بەڵگەیکی تەواو دەدەستەوە کە رامبۆ بە شێوەیکی کاریگەر بەشداری لە کەمپەنی پاریسی ساڵی ١٨٧١دا کردبوو، لەو وەنەیەدا رامبۆ لەسەر پانتاییکی هەستەوەر دەبینرێت و لە تەنیشتیشیەوە پەیکەری ناپلیۆنی سەهەم تەکشکێنراوە (وەکو سیمبوڵی دەسەڵات) و بە چەندان سەربازی میللی دەورە دراوە، ئاوها رامبۆ بە نیگایەکی تیژو تووڕەوە دەردەکەوێت و راستەخۆ تەماشای کامەرەکە دەکات (پاش هاتنەوەسەرخەمان لە کاریگەریی ئەو نیگایە) دەبینین هەموو ئامادەبووان لە وەنەکەدا زەردەخەنە دەکەن جگە لە رامبۆ، کە خاوەنی دوو لەوی تایبەت و کاریگەرەو دەمی بەشێوەیکی مەن و لە هەمان کاتدا داهێنەرانە داخستووە، بە راستی ئەمە یەکەم ساتە کە گرژیی ڕووی رامبۆ دەردەکەوێت و سەداکەی هەر دەزرنگێتەوە.

ئەم گەنجەی لەسەر بناغەی پەیکەری شکێنراوی ناپلیۆنی سێیەم وەستاوە تەژی لە چالاکی و کاریزمایە، بە شێوەیك لە لایەن هەموو ئامادەبووانەوە ڕێزی لێنراوەو خراوەتە ئەو جێگایە، هەرچەندە ئەوانی دی زۆر لە تەماندا لەو گەورەتریش بن، هەی ئەمەش ئەوەیە کە ئەو کەسەی ئاوها ڕاماوە کەسکی دەگمەنەو راهیبکی پیرەزە و لە واقیعدا ئارسەر رامبۆی بلیمەتە، تەکەشەر لە پەناوی سەربەستیدا، پاشتریش و پەش سەرهەڵدانی ئەم وەنەیە ئالبێرت کامۆ وەسفی کردبووە بە "شاعیری شۆشگێڕ".

- **رامبۆ کۆمۆنی پاریسی ساڵی ١٨٧١:**

لە مانگی ئایاری ساڵی ١٨٧١داو لە کاتی بڕپابوونی کۆمۆنداو رامبۆ دوو نامەی بۆناوبانگ دەنووسێت تیایاندا بڕنامەی شیعریی خۆی دەردەبڕێت و هەروەها هەوڵوستی مانۆی لە پاریسداو پشگیریکردنی و هاوسۆزی خۆی بۆ کۆمۆنە دەردەبڕێت، رامبۆ دوو بانگەوازی گرنگی پێشکەش بە ئەندێشەی شیعر کرد کاتێك گوتی "دەبێت شاعیر خۆی تەسلیمی تەشویشکی درێژو بڕنامەداڕژراو بە هەموو هەستەکانی بکات" ئەمەش کردارکە دەبێت هەی لەناوبردنی خودی بڕژواو سڕهەدانی منکی تر، یان منکی نوێ.

حوکمەتی کۆمۆنە؛ رژێمکی رادیکاڵی شۆشگێڕ بوو کە لە ١٨/٣/١٨٧١ تاکو ٢٨/٥/١٨٧١ حوکمی پاریسی کرد.

ئەوەی بووە سڕهەدانی ئەو بزووتنەوەیە ئەوەبوو کە لە ٢/١٢/١٨٧٠دا سوپای وڵاتی بۆسیا لە جەنگی (سیدان)دا شکستی بە فەرەنسا هێناو ئیمپراتۆر ناپلیۆنی سێیەم لەو جەنگەدا بە دیل گیرا، کاتێك بە رێژی دواتر ئەم هەواڵە گەیشتە پاریس خەڵکێکی زۆر رژانە سەر شەقامەکان و (ئەجینی) هاوسەری ئیمپراتۆر کە کاروباری بەڕێدەکرد لە شار هەڵهات، زۆر زوو دوای بیستنی ئەم هەواڵە شکۆی دەوڵەت و جومگەکانی بەڕێوەبردن تێکچوون و لێك هەڵوەشان، بۆتایبەتی کە پاریس ئەو کات بە ماوەی ٤ مانگ لە ژێر گەمارۆدا بوو، ئیتر پاریس بووە مەڵبەندی رادیکالیی چینی کرێکاران، پاسەوانانی نیشتیمانی لە جیاتی سوپای دەوڵەت بڕگیریان لێدەکرد، جگە لە پاریس تەواوی فەرەنسا لە ٢٨/١/١٨٧١دا کۆتە دەستی بروسیەکان و لە شوباتی ١٨٧١دا سەرکی جێبەجێکاری حوکمەتی تازەی ئەوکاتی فەرەنسا 'ئەدۆڵف تییر' رێکەوتنکی لەگەڵ بروسیا مۆرکرد بۆیاری دامەزینی چەکی سوپای فەرەنسا درا.

بەڵام دەسەڵاتی یاخی کۆمۆنە رۆفزی ئەم رێکەوتنە شرمهێنەی کرد، تا ئەو کاتەی لە ٢١/٥/١٨٧١دا سوپا بە زەبری هێز کۆتنە سڕکوتکردنی کۆمۆنەی پاریس.

دوای ئەم رووداوە رامبۆ و زەرێك لە بەشداربووان کۆتنە ژێر چاودێری پۆلیسی نهێنی، چونکە ئەندام بوون لەو جوڵانەوەیەدا بە سەرپێچی دادەنرا، ئیدی رامبۆ و زەرێك لە هاوڕێانی هەڵهاتن بۆ لەندەن، لەوێ بۆ ئەندریەو فیرمیرش و زەرێك لە چالاکوانی تر گەیشن، هەر لەوێش بوو کە رامبۆ لە سنووری

بازنە کەمەڵایەتییەکاندا چاوی بە ڤیرلینی هاوڕێی کۆتایی، لەو کارل مارکس ئامادەبوونی هەبوو لە زۆر لەو کێبووڕکێوانەی دەربارەی کەمنە دەبەستران و وتووێژو ئەنجامکانی کەمنە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر بیروڕاکانی کارل مارکس، کە لە دواییدا و ناوی بردبە دیکتاتۆریەتی چینی پرۆلیتاریا.
.....

پەراویز:
(١) وێنەگری فۆتۆگرافی (برونو براکیهیس) لە شاری دیپ ساڵی ١٨٢٣ هاتووەتە دنیاوە، لە منداڵییەوە (کێ- نابیست) بوو، لە ساڵانی بیستەکانی تەمەنیەوە کاری لەلای وێنەگرێکی بەناوبانگی پاریسی دەکرد، کاتێك تەمەنی گەیشتە ٤٨ ساڵ رووداوی کەمنە رووبدا، پێشتر ئەو وێنەگرێکی پیشەگەری ناو ستۆدیۆ بوو کە زۆر لە وێنەکانی لە پێمانگاو پێشانگا بەناوبانگەکانی پاریسدا هەڵدەواسران و پیشاندەران، هەر زوو لەگەڵ سەرهەڵدانی کەمنەدا شێوازی کاری خۆی گۆڕی و بووە وێنەگرێکی رۆژنامەوان، بەو واتایەی کامێرا سە کووچکەییە گۆڕەکەی بردە دەرەوەی ستۆدیۆو لەسەر شەقامەکانی پاریس وێنەکانی دەچرکاند، ئەو کامێرایەی لە سندوقێکی رەش پێکهاتبوو- بە جاجاڵکەیەکی گەورەی سکوچکەی دەکرد – و بە ماوەیەکی زۆر دەبوو بوستایەو رووی بکردایەتە ئەو ئاراستەی دەبوو وێنەی بگرێت و ئەمش ببوە هۆی ئەوەی کرێکارانی سەرشەقام و هەبوارانی سەرڕێ دووچاری دڵەڕاوکێ و ترس بکات، چونکە پێشتر رانەهاتبوون لەسەر بینینی ئەو دیمەنە ، ئەوەتا ئێستا ئەو ئامێرە سە قاچە نامۆیە شارکۆیانی داگیر کردووە (لەهەمان کاتیشدا مەترسی ئەوە هەبوو بە هۆی زۆر مانەوەی کامێراکە لە دەخێکدا ببێتە هۆی ئەوەی نیتراتەکەی ناوی بتەقێتەوەو کامێراکە بسووتێنێت).
ئەم وێنەگرە لەهاتووە لە کاتی ئەو رووداوانەدا کەی ١٠٩ وێنەی لە دەرەوەی ستۆدیۆ چرکاند، بەڵام لە هەموویان بەناوبانگترو کاریگەرترو جێی سەرنجتر؛ ئەو وێنەیە کە رامبۆی شاعیری تێدا دەردەکەوێت.
.....
سەرچاوەکانی نووسین:
١- thecommune.wordpress.com/2010/11/19/rimbaud-and-the-paris-commune/
٢- aidanandrewdun.com/arthur-rimbaud-the-secret-police-file

٣- aidanandrewdun.com/arthur-rimbaud-the-discovery-of-two-new-portraits/
٤- en.wikipedia.org/wiki/Paris_Commune

کارەکانی کاریکاتێر لە رۆژنامەگەری خولاودا- بەشی 4 و کۆتایی.. هەندرێن خۆشناو

کاری سیاسی

هۆی سەرەکیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زایۆنیزمی جیهانی بایەخی خستە سەر عەرەب لە رۆژنامە جیهانیەکاندا، و سیمبولۆکیان بۆ دروستکردن، ئەویش حوشتر و عەگال بوو، کە چواردەورەی چەفیە سەرپۆشەکەیان دەدات، ئەو دوو سیمبولەیان کردە دروشمی دواکەوتن، وەامی عەربەکانیش بە شێوەیەکی گشتی هێرشەکردنە سەر ئیسرائیل بوو لە لاپەڕەکانی رۆژنامە عەرەبیەکاندا، واتە تەیارکردنی رای گشتی عەرەبی بوو دژی ئیسرائیل، ئەمەش هۆی هاوکوف نەبوونی یەك بوو، چونکە رای گشتی عەرەبی هەر پشتیوانی بوو دژی ئیسرائیل، بۆیە هەڵبژاردنی ئەم جەماوەرە سەرکەوتوو نەبوو، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە جەماوەری عەرەبی نابێت تەماشای ئەم کاریکاتێرانە بکات، بەڵکو نابێت تەنیا بۆ خوێنەری عەرەبی بێت، لەلایەکی دیکەوە زایۆنیست و لایەنگرانیان سیمبولۆکیان بۆ عەرەب، لە مشکی ای گشتی جیهانی دروستکرد، لەگەڵ ئەوەی کە حوشتر سیمبولێك نیە بۆ ئەوەی ئەوان بەکاریان دەهێنا، بەڵکو سیمبولی هێز و دانبەخۆداگرتن و سەربەرزییە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا شەرمەزارییەك نیە وەکو سیمبولێك، کاتێك کە زۆربەی گەلان سیمبولی ئاژەڵیان بۆخۆیان داناوە، وەکو ورچ سیمبولی روسەکان، شێر سیمبولی ئینگلیزەکان، کەر و فیل سیمبولی هەردوو حزبی سەرەکی دەسەاتی وێاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەهشێر سیمبولی فەرەنساییەکان، چەندینی تر، بەام هەڵبژاردنی حوشتر بۆ عەرەب، مەبەستەکەی ئاماژە بوو بۆ گۆشەگیربوون لە بیابان و دواکەوتن، هەروا عەگالیش بەکارهات وەك سیمبولێك بۆ مانەوە لە

جلوبەرگی چەرخەکانی ناوەڕاستدا، کە مانای دواکەوتوویی دەبەخشێت، لە جیاتی ئەوەی کە هونەرمەندە عەرەبەکان بەهەمان شێوەی چەك وەڕام بدەنەوە، قایلبوون بە بەکارهێنانی بابەتەکانی شەڕ و ئاشتی، کە ئیسرائیل نکۆڵی لێدەکات، و بە پێچەوانەوە رەتکردنەوەی ئاشتی دادەپەروەرانە، بە بەهێزی دەژمێرێت، کە ئەمە روون و ئاشکرایە بۆ ئای گشتی جیهانی، لە شوێنی ئەمەدا دەبوا کاریکاتێریستە عەرەبەکان سیمبولێك بۆ ئیسرائیل و زایۆنیزم دروست بکەن، و ئاژەڵکیان وەکو سیمبول بۆ دابنێن کە ببێتە هێی رق لێبوونەوە و گاڵتەجاڕی جیهان، وەکو بەراز بۆ نمونە، و بە شێوەیەکی گشتی سیفەت و خەسڵەتە ناشیرنەکانیان بەکاربێنن، وەکو رەزیلی و مەرایی و سووخواردن و خۆیستی، و بۆ نمونە فۆکەس بخەنە سەر لەخاچدانی پێغەمبەر عیسا لەلایەن جولەکەکانەوە، و شتە شەرمەزارەکانی دیکەی هاوشێوەی، کاریکاتێر لەم بوارەدا دەبێت بۆبەزەییانە بێت، چونکە مامەڵە لەگەڵ دوژمندا دەکات، نەك لەگەڵ نەیارێکی سیاسیدا، کاریکاتێر دەبێت لەم بوارەدا بابەتیانە نەبێت، بەڵکو دەبێت وێنەکە بشێوێنێت، نەك رەخنەی لێبگرێت، چونکە رەخنە لێرەدا شوێنی نابێتەوە لە چاکسازیدا، ئامانجیش لێرەدا چاکسازی نیە، بەقەد ئەوەی سەرکەوتنە لەم ململانێیەدا، کە شێوەی شەڕی کراوە دەبینێت، ئەو کاریکاتێرانەش کە ئاڕاستەی رای گشتی عەرەبی دەکرێن، دەبێت هەرش بکەنە سەر ئەو هێزە دەرەکیانەی کە پشتگیری ئیسرائیل دەکەن، کە ئەو هەوڵستە پشتگیریانەیان بۆ ئیسرائیل ڕۆشن نیە بۆ رای گشتی عەرەبی، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە ئەزموونی کاریکاتێریستی تیرێرکراو (ناجی ئەلعەلی) بدەین، کە ناسراوبوو بە توندی رەخنە و گاڵتەجاڕییەکانی، کە بوونە هێی بەخشینی سروشتێکی میللیانە بە کارەکانی، لە کۆتاییشدا بوونە هێی تیرێرکردنی، ناجی ئەلعەلی لە کارەکانیدا پێدەکەنی و گاڵتەجاڕیی و شەرمەزاریی دەکرد، خوێنەری بە پێکەنین دەهێنا، و کارەکتەرە پاڵەوانەکانی کاریکاتێرەکانیشی شەرمەزار و ریسوا دەکرد، ئەمەش داواکراو و ویستراوە لە کاریکاتێری سیاسیدا.

ئانتۆلۆجیای شیعری کرمانجیی کوردی چاپ و بڵاو بووە

کتێبی (ئانتۆلۆجیای شیعری کرمانجیی کوردی) لە نووسین و ئامادەکردنی عەبدوڵا سەیمان(مەشخەڵ)ە، کە لایەن ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرمانجی هانا چاپ و بڵاو کراوەتەوە، کۆتە بەر دیدی خوێنەران.
ئەم کتێبە زیاتر لە هەژدە مانگ لە ئیشی چە و پە و پشکنینی ژمارەیەکی زۆر کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتە ئەلەکترۆنییەکان و پەیوەندیکردن بە دێیەها شاعیر، ئامادەکراوە. ئانتۆلۆجیای شیعری کرمانجی کوردی پوختەی کەی بزووتنەوەی شیعری کرمانجییە لە ١٩٢٤ وە تا ٢٠١٨. ئەم جگە لە پێشکی و سوپاسنامە و سەرچاوەکان و پێشکێیەکی هاوڕێ سەلەمانی قاسمیانی(کاکە)، و هەروەها لەکۆینەوێکی ئەدەبی مژووێی تەروتەسەلیش لەسەر بزووتنەوەی شیعری کرمانجی کوردی لایەن خودی عەبدوڵا سەیمان(مەشخەڵ)ەوە نووسراوە و تەدایە.شایانی وتنە ئەم کتێبە ٥٩٤ لاپەڕەیە، ماوێکی زۆرە لەچاوەڕوانی چاپکردندا بوو و لە دەرگای گەلە کتێبخانە و چاپخانە و ناوەند دراوە و بەبیانووی بێ ئیمکاناتی چاپ نەکراوە، تا سەرەنجام ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرمانجی هانا ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرت و ئەم کتێبەی بەچاپ گەیاند. ئێستا ئەم کتێبە لە زۆربەی کتێبخانەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە نرخێکی گونجار دەست دەکەوێت.

چۆن لیبڕاڵەکان بونە لایەنگیری تیۆری پیلانگێڕی؟-2- .. ن. جۆن گرێی- و. لە فارسیەوە مەحمود

عەبدوڵڵا

بەشی دووەم

ئەو بەمتمانەییە بە زانیاری و هەواڵی گومراکەر،لە جەنگ عیراق dدەستی پێکردو، بەقەیرانی دارایی جیهانی زیادیکرد، وبە دوبارەبونەوەی بڕودوا "پڕۆژەی ترس"لەجەنگی زانیاری سەبارەت بە ئاپرسی دەرچونی بڕیتانیا لە یەکێتی ئەوروپا گەیشتە لوتکە .
لە ئەوروپا پشتگوێی بردەوامی حیزبی پۆپۆلیستی ، لەوانەی ئیتالیا و هەنگاریا ، کاردانەوەی بە متمانەیی بە نوخبەی لیبڕاڵ .لەهەموو ئەم مەسەلانەدا ئەو نوخبەیە پشتگوێخران ،چونکە لە کاتێهنان بە قەیرانێک کەبە بەچونی خێک دەستی خەیانی تێدا بو ،بە توانابون. گەیشتنی نیزامی مالی بەسنوری پاشکۆ کردنی تەواو ،کۆشەی بردەوامی کێچ ،هەموو ئەمانە پێکەوە ،بونە هۆی نەمانی متمانە لەناو ڕەوتی لیبڕاڵەکاندا. هیچ دەستوەردانێکی دەرەکی هەندەی ئەوەداوانە کاریگەری نەبو لەسەر بەمتمانەیی بە لیبڕاڵەکان و بەهەزبونی پۆپۆلیستەکان. وەلە دەتوانین بڵێین زۆرینەی لیبڕاڵەکان پێیان وایە پاشکۆو لاوازی ئەوسیستەمسیاسیە دەستی دەرەکی لەپشت بو،کە بەباوەڕی خەیان سیستەمێکی ئەبەدی بو.هیچ کەس ناتوانە قەناعەتیان پێبکات، کە بەدەستی خەیان مەری پوچەڵیان لە
ناسنامەی خەیاندا .. دیقید کامیەڵن بەجۆرە نیگرانیەکی گەمژانە کە لەنا و ئەوجەماعەتە دەبیندرێت وتی:کە برکسیت بەرەنجامی پۆپۆلیزم بو. نیک کلیک شڕیکی ئەو لەحکومەتی(۲۰۱۵-۲۰ ۱۰) هاو دیدی ئەوبو، هیچ یەکێکیان گریمانی ئەوەی نەکرد ،کە کاردانەوەی پۆپۆلیستی ،کاردانەوە بو بەرامبەر سیاسەتەکانی خەیان .
لەبەر هەمان هۆکار،کە تیەری پیلانگێڕی بە لیبڕاڵەکان سەرنج ڕاکێشە، تیەری پیلانگێڕی ئەوان لە بەرپرسیارێتی ئەو کێشانەی دروستبوون ڕزگاردەکات.
یەک دەیە سیاسەتی ریزاتی، بەپشتیوانی تەواوی لیبراڵەکان، بوەهۆی دابەزینی ئاستی خزمەت گوزاری گشتی و ژێرخانەکان .کە زیانی لەبەشێکی سەرکی کەمەگەی بڕیتانیادا. هەروەها لیبڕاڵەکان لەهەموو باڵەکان بڕوپەدەری کێچ بون، لەئاستێکی بەرزدا،هەرکەسێکیش بیگوتبایە ئەم پێسەیە زیانی هەیە بەتایبەت بەکرێکارانی فەقیر ،ئەوا یەکسەر سەرزەنشت دەکران و تەمەتی نەژادپەرستییان پوەدەلکا. گەورەبونی حیزبی استقلالی بڕیتانیاو

پاشان حیزبی برکزیت ئەنجامی چاوەڕوانکراوی ئەو مەسەلەیە بوو.
پۆپۆلیزم دروستکراو و پێکهاتەی ئەو گروپە سیاسیە لیبڕاڵیە ،کە
کەمتەرخەمی و فشەلی خۆیان دەخەنەگەردنی حەماقەتی دەنگدەران
.ئەگەر بە پێی پروپاگەندەی پێتین ئایدیای لیبڕاڵی مردوە ،ئەوە
تەنیا بەهەی لیبڕاڵەکانەوە بو کە لە پگەی بەردەستە بە فیکرەکانی
ئەودابون. بەدنیایەوە لیبڕاڵەکان هەربیرەکیەک ەتدەکەنەوە کە
بانگشەی ئەوبکات خۆیان بونە هەی شکستەکانی خۆیان .بە خیاڵی
خۆیان ئەگەر کەموکوڕیەکیان هەبێت، ئەویە بە ئەندازەی پێویست
لیبڕاڵ نەبووون. بەدیدی ئەوان ئەوشتەی ناکامی لیبڕاڵیزم
چارسەردەکات لیبڕاڵیزمی زیاترە، یان زیاتر لیبڕاڵبوونە.ئەگەر
بیانوەت پچەوانەی ئەوە ببیستن ،دەبێت قبوڵیبکەن کە دیدی
سیاسیان لەبنج و بنەوانەوە خەوشدارو خراپ بووە.مەگەردەکرێت
زیرترین نوخبەی حاکم لە تەواوی مێژودا"ئەوە وسفکە کە
لیبڕاڵەکان هەیانە سەبارەت بەخۆیان"دنیای دەوروبەریان درک
نەکەن؟لیبڕاڵەکان بە هەمان شەوەی وەک پەرستان کە بونە ئامانجی
لیبڕاڵەکان بەو باوەڕە دەنەوایی خۆیاندەکەن کە هەزی دەرکی بونە
هەی وەڕانکردنی وەاتەکانیان .
هاودەمانی زەمانی" لیونز "باوەڕیان وابو هەرچی و پەرچی
وخراپکارانی دژە سەقیەت بون ،کە دەستکەوتە بەرچاوکانی
سەقیەتیان لەناودەبرد. بەهەمان شێوە لیبڕاڵەکانی ئەمڕە
ئارەزودەکەن وابیربکەنەوە کە هەزە دەرکیە موداخەلەکەرەکان و
کەسانکی لوتبەرزی وەک "استیون بنون "ەاوڕکاری پشوی ترەمپ" لە
ەوتنی پشکەوتنی خەرئاوادا بونە بەربەست.ئەوان
چاودەنوقنن،لەبەرامبەر کشە قوڵەکانی سەرمایەداری بازاڕ
سەنتەر،و ناەزایەتی خەڵک بە نەتیجەی ساختەچێتی و فەوفڵ دەزانن.
نەک پەیامی چاوەڕوانکراوی سیستەمکی ئابوری بکەڵک
ئەستاکە بەشکی زەری خەڵک گومان لە نوخبەی لیبڕاڵدەکە ن ، خودی
لیبڕاڵەکان دیسان عەودالی بیرکردنەوەن لەپیلانکی ەش.ئەمە
گەیشتوینە سەردەمکی نوی بیرکردنەوەی تیەری پیلانگەی. زهنییەتی
بەدبین تەنها بەکاری سیاسیی سنوردارنیە، جوانەوەی دژە ڤاکسین،
نکەیکەرانی گەانی کەش وهەوا ، نکەیکردنی نزەریە زانستیە
بناغەدارو مەحکەمکان بە فریودانی گروپکی خاوەن بەرژەوەندی
فەباز دەزانن. لەو جگایەی کە پیلانگەیەک لەئارادانییە بیریان
بە پیلانگەی دەچێت. ئەوەی کە سیاستەمدارانی بەرجەستە و هەزکانی
پلیس پەوپاگەندەیەکی خیاڵی، بونی حەقیەک لە سەرتانی بچەباز
لە "ویست منستر"بە بەوا پکراو دانا ، ەوداوکی واتادار و موهیمی
دەرخست ئەو ئیتیهامکردنە نەک ژیانی کەسانکی وەڕانکرد کە بەهەڵە

تەماتبارکرابون ، بەکو لە بەاوبونەوەی زیهنیەتێک دەدوت کە وەک ڕۆژانی سەدەکانی ناوەڕاست بەدوای دەزینەوە و گرتنی ساحیرەکان دەگەڕان.
.ئەوئەکادیمیانەی کە لەهەڵەی فیکری زەرینە لادەدەن، بەنمونە لەبوارەکانی جنسیەت و نەژاد و ئیمپریالیزم ، یەکسەر بە تەماتی ئەوەی دژی ئازادی دەربینن سەرزەنشت دەکرێن ، ئەزیەت وئازاردەدرێن. بەڵام لە ڕوانگەیەکی گشتگیرترەوە ئەو ئەزیەت وئازاردانە، وەک هەوڵەکە بە ریشەکەشکردنی شەڕی: ئاگایی، بەداربونەوە، نەفرەتی ئەو تاوانانە لەپانتایی ئەندەشە ، کە گوماندکرەت ببنە هەی پەکهاتنی دامەزراوەی سەرکوتکەر. بەشەکی ئەو گالتە جاڕیە ئەویە کە بەزاری لیبەراڵ تووندەوەکان لەبەرایەتی ئەو جارە لە پشکنینی بیروباوەڕ دەکەن.
سەختە بتوانین پەشبینی کەتایهاتنی ئەو قەناغەبکەین. بەدبینی و خانەگومانی و پەشەوی دەرونی ئەوانە نیەە کە ئەقیان لەدەستداوە؛ بەڵکو ئەوبارودۆخە زیهنیە یەخەی ئەوانیگرتوە کە جگەلە ئەقە هیچیان بەنەماوەتەوە. زەرجار خانەگومانی "سەظن" ناڕەزایەتیەە بەرامبەر بە بە ئەهمیەتی خود،ئەگەر هەستبکەیت ئازارو ئەزیەت ئەدرەیت،باشترلەوەی کە هەست بکەی نادیدەت دەگرن .خانەگومانی یەکێکە لەمیکانیزمەکانی بەرگری دەرونی ، زیهنیەت کەیمان نیشاندەدات ،کە وادەکات خەیاڵاتی خواروخێچی خە بەدینە پاڵ دونیایەکی شاراوە کە نهێنیەکانی نازاندرێن.لەکاتی گەڕانکاریە سیاسیە گەورەکاندا گومانی بەدبینانە دەتوانێت بگەڕێت بە نەخشی درم .باشترین ڕاستی ئەوەش، پەرەسەندنی ئەدەبیاتی پەتەکەکانە لای یەکە لە حیزبە مەژویەکانی بریتانیا.لەوانیە بکرێت بڵێین کە "پەڕژەی کوربین"ئەستا شکستی هێناوە، بەڵام ئەو حەقیقەتەی کە ئەو لە پگەی هەڵکشان بەرەو بەندترین لوتکەی سیاسی حزبی کرێکاران بو.نیشانەی ئەویەکە کەمەگەی لیبەڕاڵ دەتوانێت بە چ گەڕێک لە مەیدانی کاری سیاسی پشتئەستوربە نەفرەت و تەوهوم هەرەس بهێنێت.
مەترسی ڕاستەقینە ئەویە کە تەکنەلۆژیای نوێ دەتوانێت گومانی بەردەوام وەک شەویەکی عەقڵانی لەژیاندا دەربخات . قیدیەکانی(دیپ فەیک)کە بەسودوەرگرتن لە هەشی دەستکرد وهێنگەلی کەسانی واقیعی لە بارودۆخ و جگەی ساختەدا دروستدەکات .ژینگەی میدیایی لەوەی کەهەیە خیانەتبارتر دەکات .سود وەرگرتنی بەربەاو لە تەکنەلۆژیا سنوری نێوان دونیای واقیعی و مەجازی وا ئاڵۆزدەکات کە ئیتر سنورێک لەنێوانیاندا نامێنێت.یەکێکیتر لە پارادەکسەکانی سەردەمی ئەمە ئەویە: پەشکەوتنی خێرا لە زانست وتەکنەلۆژیادابو کە فەرهەنگی پەست حەقیقەتی هێنایە کایەوە.

ئەگەریش چارەسەرێک هەبێت بۆ ئەو گرفتارییە،لیبڕاڵەکان لەو بوارەدا بە توانان.ئەو جەماعەتە کە شوێنپێی پیلانگێڕان لە ئازی کەمەگاکەیاندا دەبینن، موبتەلای هەمان نەخشین کە لەدژیان دە وروژێندرێت.لیبڕاڵەکان کە ئارەزوناکەن قبوڵی بکەن کە بەچی پێی پێشکەوتن دەشڵێت، بیر لەخراپترین جۆری سحروجادو دەکەنەوە. ئەو هەزە نادیارانەی کە بەگومانی لیبڕاڵەکان خەریکی پیلانگێڕی و دەسیسەن لە دەوروبەری ئەوان، سەبەری یەکشتن: بەرگری لەبەرامبەر واقیعێتێک کە لەوجودی خودی ئەولیبڕاڵانەدایە.

ن. جۆن گرێی
وەرگێڕانی فارسیەوە مەحمود عەبدوڵا

نوێترین پرۆژەی کێوان کەریمی لە پێنجاهەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی تۆردامی هۆڵندا

مەنسوور جیهانی ـ

نوێترین پرۆژەی سینەمایی سینەماکاری سەربەخۆی کورد "کێوان کەریمی" لە نێوان 17 پرۆژەی هەڵبژاردەی دنیا لە بەشی "سینەماڵت" لە پێنجاهەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "تۆردام" لە وڵاتی هۆڵندا هەڵبژێردرا.

"ئایا ئەو شتێک سەبارەت بە هیوا دەزانن؟" Do you know anything about Omid? نوێترین و دووهەمین پرۆژەی سینەمایی سینەماکاری بانەیی "کێوان کەریمی"، لە نوێترین و دووهەمین بەشداریی نێودەوڵەتی خێیدا وەکوو تەنیا پرۆژەی سینەمای ئێران، لە نێوان 17 پرۆژەی هەڵبژاردەی سینەمای جیهان لە بەشی "سینەماڵت" CineMart لە سی و هەشتەمین خولی "بازاڕی بەرهەمهێنانی هاوبەشی فیلم" لە میانەی پێنجاهەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "تۆردام"

Rotterdam لە وڵاتی هۆڵندا و بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی ئێران و فەڕەنسا لە تەنیشت کۆمپانیک بەرهەم لە وڵاتانی جەراوجێری جیهان و هەروەها پڕۆژەی "کابل جان" (کابول گیان) Kabul Jan لە خاتوو "شەهربانوو سادات" سینەماکاری ئەفغانی و بەرهەمی وڵاتی ئەڵمانیا؛ تەنیا پڕۆژە سینەماییەکان لە کیشوەری ئاسیا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەم هاوداوە گرینگە سینەماییە هەبژێردران.

"سینەمات" کە یەکەمین، گرینگترین و گەورەترین بازاڕیی بەرهەمی هاوبەش لە جیهان دەتەئژمار؛ ئەمساڵ سی و هەشتەمین خولی بە هەی بابوونەوەی پەتای قایرەسی کۆرۆنا بە شێوەی ئۆنلاین لە ڕۆژانی 1 تا 5ی فەبریوەری 2021 لە تەنیشت پەنجاهەمین خولی فێستیڤاڵی نەونەتاوەیی فیلمی "ڕۆتەردام" لە وڵاتی هۆڵندا بەڕێوەدەچێت و خەڵاتی بەی پارەی 30 هەزار یۆرۆییش بە براوەکان لەبەرچاو گیراوە.

پڕۆژە وەرگیراوەکان لە بەشی "سینەمات" لە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی نەونەتاوەیی فیلمی "ڕۆتەردام"؛ دەرفەتی ئاشنابوون و هاوکاریی فیلمسازان لەگەڵ بەرهەمهێنەران، سەرمایەداران، نوێنەرانی فرۆش، بەاوکەرەوکانی فیلم، کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکانیان بە پێکدێت و هەروەها ئەو کەسانەی کە بەتەمان سەرمایەکانی خۆیان بە گەشەسەندنی سینەما تەرخانبکەن دەتوانن یارمەتی ئەم پڕۆژانە بدەن.

پڕۆژە سینەمایی "ئایا ئەو شتەک سەبارەت بە هیوا دەزانن؟" لە یەکەمین بەشداریی نێودەوڵەتی خۆیدا وەکوو 10 باشترین پڕۆژەی بەرچاویی دنیا لە بەشی La Fabrique du Cinema لە بەرنامەی "دە پڕۆژە لە سینەمای جیهان بە داهاتووی سینەما" لە پاڤیلیۆنی "ئۆنستیتۆی فەڕەنسا" لە بازاڕی ئۆنلاینی فێستیڤاڵی نەونەتاوەیی فیلمی کانی فەڕەنسا لە ساڵی 2020 بە بەشداریی "کێیوان کەریمی" دەرهێنەری ئەم بەرهەمە و بە ڕێنوونی "ڕەشید بووشارب" Rachid Bouchareb دەرهێنەر، ئەکتەر و بەرهەمهێنەری ناوداریی ئەلجەزایری و دانیشتووی وڵاتی فەڕەنسا ئامادەبوو.

سیناریۆی پڕۆژە سینەمایی "ئایا ئەو شتەک سەبارەت بە هیوا دەزانن؟" لە دووهەمین هەنگاویی نێودەوڵەتی خۆیدا، دوای بەشداریی لە بەشی "سینەمات"ی فێستیڤاڵی نەونەتاوەیی فیلمی "ڕۆتەردام" بە شێوەیەکی ڕەکووپێک کەتایی پێدێت و ئەم بەرهەمە لە هەوداێ تاکوو بە پێکهێنانی تەڕەک لە ئاستی جیهاندا بتوانێت لە داهاتوودا بە باشی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەاوبێتەو و لە وڵاتانی جەراوجەر

نمایش بکرێت؛ تا ئەو کەسانەی کە لە بواریی پیشەگەیی سینەمادا چالاکی دەکەن، ئاگاداریان لەم بەرهەمە سینەماییە هەبێت؛ تا دوای تەواوبوونی لە لایەن بەشداربووکانی فیلمەوە، بە باشترین شێوە بچێتە سەر پەردەی سینەماکانی جیهان.

ئەمساڵ 17 پێشکەش لە بەشی "سینەمات" هەڵبژێردراون کە چەندین دەرهێنەری ئەم بەرهەمانە، ئەزموونی بەشداریی و وەرگرتنی خەڵاتیان لە فێستیڤاڵە گرینگەکانی سینەمای جیهان لە کارنامەی هونەریی خۆیاندا هەیە، لەوانە: "یەهانس نیهلەم" Johannes Nyholm کاندیدی خەڵاتی گەورەی فێستیڤاڵی نەونەتەوەیی فیلمی "ساندانس"ی ئەمریکا لە ساڵی 2019 و بڕاوەی خەڵاتی تایبەتی لەژنەی دادوەرانی فێستیڤاڵی نەونەتەوەیی فیلمی "سن سباستیەن"ی ئیسپانیا لە ساڵی 2016، "ئێڤێ کالوگیروپولۆ" Evi Kalogiropoulou کاندیدی باشترین کورتە فیلمی فێستیڤاڵی نەونەتەوەیی فیلمی "کان"ی فەڕەنسا لە ساڵی 2017، "کارلا سیمۆن" Carla Simón براوەی خەڵاتی باشترین فیلم لە فێستیڤاڵی نەونەتەوەیی فیلمی "بەرلینالە"ی ئەڵمانیا لە ساڵی 2017 و "نێلە ووهلاتز" Nele Wohlatz و "ئێل فەتەرێ پەرفێکتە" El futuro perfecto هەر دووکیان براوەی خەڵاتی باشترین فیلمی یەکەم و کاندیدی خەڵاتی پێنگی زێرینی فێستیڤاڵی نەونەتەوەیی فیلمی "لەکارنە"ی سویسرا لە ساڵی 2016.

"ماریت ڤان دەن ئێلشووت" Marit van den Elshout بەرپرسی بەشی "سینەمات" لە فێستیڤاڵی نەونەتەوەیی فیلمی "ئەتەردام" سەبارەت بە 17 پێشکەشی هەڵبژاردەی ئەمساڵی ئەم هاوداوە سینەماییە گوتی: ئەمساڵ یەکێک لە سەختترین ساڵەکانی هەڵبژاردنی بەرهەمەکان بوو؛ چونکە باشترین پێشکەشکەران توانیویانە بگەنە قۆناغی کۆتایی بەشی "سینەمات"ەوە. ئەمە بە تایبەت، کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو فیلمسازانەی کە سنوورەکانیان تێپەڕاندووە و کاریی بۆنەنە و درۆشاوەیان خوڵقاندووە. ئەمە لەوبەوایەداین و هاوەدەین بە هەر یەک لەم پێشکەشە هەڵبژاردانە، دەرفەتی گونجاو بە گەیشتن بە ئەنجام ئاراستە بکەین.

هەر ساڵە، فیلمسازانی سەرتاسەری جیهان، پێشکەشە سینەماییەکانی خۆیان بە پێشکێش کردن، دەزینەوەی سەرمایەدار و دابینکردنی مەسرەفی فیلمەکانیان بە بەشی "سینەمات" لە فێستیڤاڵی نەونەتەوەیی فیلمی "ئەتەردام" ڕەوانە دەکەن کە هەندێکیان بریتین لە: "کۆپی وەکوو خۆی" Certified Copy لە دەرهێنانی سینەماکاری کێچکردووی ئێرانی "عەباس کیارەستەمی" لە ساڵی 2008، "گەڕانەوە"

(بازگشت) Recursion لە دەرهێنانی سینەماکاری ناوداری ئیرانی "جەعفەر پەناهی" لە ساڵی 2008 و فیلمی سینەمایی "جەجە ڕەبیت" (جەجە کەروشکە) Jojo Rabbit لە دەرهێنانی "تایکا وایتیتی" Taika Waititi و بە بینینی ئەکتەری ناوداری سینەمای جیهان خاتوو "سکاڵڵەت جەهانسۆن" Scarlett Johansson لە ساڵی 2012 لەم بەشی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "تەتەدام" ئاراستە کرا و لە کۆتاییدا، لە ساڵی 2020 خەڵاتی ئەسکاری باشترین سیناریۆی وەرگیراویی بەدەستهێنا.

بۆ زانیاریی زیاتر:
https://iffr.com/en/full-selection-38th-cinemart

https://www.screendaily.com/news/rotterdam-co-production-market-cinemart-reveals-2021-projects/5155782.article

https://www.hollywoodreporter.com/news/rotterdam-unveils-2021-cinemart-projects

بەڵام بەرایەتی ڕاگەیاندنی گشتیی پەژەی سینەمایی "ئایا ئەو شتێک سەبارەت بە هیوا دەزانن؟".